## ڕەوا

# سەرنج



ووشەیەکی پێویست

سەرنج ، تێبینی و ڕوانینی شەخسی تاکە کەسێکە، لێکدانەوەی هەندێ باسی سیاسی ناوەڕۆکی بابەتەکانین، تەقەلایەکە بۆ کردنەوەی دەرگای گفتوگۆ و خۆش کردنی زەمینەی لێدوانێکی زانستیانە لەسەر ئەو بابەتانەی جێ ی مشت و مڕو لێکۆڵینەوەن ، ڕەخنەو هەڵسەنگاندنی بابەتی بنچینەی ڕاستی و دیموکراسیەتە.

ڕەوا

حوزەیران ١٩٨٩

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# مەسەلەی کورد و
# چارەسەری کرێکاری ناو نەتەوەی سەردەست

یەکێك لەو کێشە قوڵ وئاڵۆزانەی لەولاتانی کۆلۆنی ونیمچە کۆلۆنی دا بەرۆکی هێزە شۆڕشگێڕەکان ئەگرێ و چارەسەرکردن و لابەلا کردنەوەشی ئەبێتە ئەرکێکی ڕاستەوخۆ و سەرشانیان بۆ لەئەستۆ گرتن،بریتیە لەمەسەلەی نەتەوایەتی .. ئینجا ئاستی هێزە سیاسیەکان لەهەرپلەیەکدا بێ ، هەر هێزەو لە بۆچون و تێڕوانینی خۆیەوە بەپێی لێکدانەوەو بەرژەوەندی چینایەتی ئەو چین و توێژانەی نوێنەرایەتیان ئەکات ئەڕوانێتە بنج و بناوانی کێشەکەو چارەسەرەکەشی لەبازنەی ئەو تێگەیشتنەوە ئەبینێ و لێك ئەداتەوە.

ئەوەی گرنگ و جێ ی سەرنجە، ئەولایەنەیە کە لەلایەن هێزە کۆمۆنیست وچەپەکانەوە بەدی ئەکرێ،کە بریتیەلەوەی هیچ جۆرە چارەسەرو ڕێوشوێنێکی لابەلاکردنی کێشەی نەتەوایەتی کە لە دەرەوەی بۆچون و چارەسەریانەوە بێ بەدروستی نازانن و هەر ئەو چارەسەرو تێکۆشانەش بەڕاست و ڕەوا ئەزانن کەلەژێر سێبەرو فەرماندەیی ئەواندا بەڕێوەبچێ ، ئەو هێزە سیاسیە چەپ ڕێبازانەی لەسەرئاستی وڵات بیر ئەکەنەوەو کارئەکەن، مەسەلەی نەتەوایەتی گەلی کورد لەناو بازنەی تێکۆشان لە پێناوی دیموکراسیەت دا سەیر ئەکەن و لەکوێ ئەو خەباتە یەککگرتوەی سەرجەم کرێکارانی عێراقدا لێکی ئەدەنەوە کە بۆ لابەلاکردنەوەی ناکۆکی نێوان کارو سەرمایەیە !!

ئەو هێزانە زیاتر لەڕوانگەیەکی تیۆری وشك و تێگەیشتنی دۆگماتیسمانەوە مەسەلەی کورد هەڵئەسەنگێنن ، ئەو حاڵەتانە لەبەرچاو ناگرن کەکاتی خۆی مارکس و ئەنگلزو لینین بیروڕای تایبەتی و لێکدانەوەی واقیعبینانەیان لەسەر هەبوو.

مارکس کاتی خۆی سەبارەت بەمەسەلەی نەتەوایەتی ئەو دەمە کە کێشەی ئیرلەندە نمونەیەکی زیندوی بو بیروڕاکانی لەچوارچێوەیەکی تەسك بیندا قەتیس نەکردبو و زۆر بەووردی لایەنەکانی مەسەلەکەی هەڵئەسەنگاند. لە قۆناغی یەکەم دا دژی سەربەخۆیی و جیابونەوەی ئیرلەندە وەستاو بەو جۆرەش مەسەلەکەی شیکردۆتەوە کە چینی کرێکاری ئینگلیز خۆی لەناو نەتەوەی سەردەستی ئینگلیز دا دەسەلات ئەگرێتەدەست و هەر خۆشی ئیرلەندە ڕزگارو سەرفراز ئەکات، لەو ڕوانگەیەوە کە چینی کرێکار بەسەر سەرمایەداری دا زاڵ ئەبێتو بەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانە گۆڕان لە کۆمەڵگای ئینگلیز دائەخولقێنێ و ئیتر ئیرلەندەش بە ئازادی خۆی ئەگات.

بەلام دیارە ئەو بۆچونەی مارکس لەگەڵ گۆڕانی هەلومەرجی ئەو دۆخەو ڕەوتی گەشەکردنی مەسەلەی نەتەوایەتی ئیرلەندەدا جووت و تەبا نەبو. هەربۆیە لەقۆناغی دوەم دا مارکس لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنێکی بابەتیانەی هەلومەرجی خەباتی گەلی ئیرلەندەو وەزعی کرێکارانی ئینگلیز گەیشتە سەرئەنجامێکی تر کەتەواو پێچەوانەی بیروڕای پێشوی بوو، هەڵوێستی نوێ ی خۆی بەوە دیاری کرد ( هەر وەك لەنامەیەکدا کەلەسالی ١٨٦٧ بۆ ئەنگلز ی ناردوە) ئەلێ :"پێشتر پێم وابو کە جیابونەوەی ئیرلەندە شتێکی مەحاڵە.. بەلام ئەمڕۆ ئەم جیابونەوەیە بە حەتمی ئەزانم ، ئەگەر ئەم کارەش لەدوای جیابونەوە بوە هۆی یەککرتنەوە."

دیارە مارکس نە کابرایەکی نەفام و ڕاڕا بو نە کەسێکی ناکۆکیش بو لەگەڵ بیروڕای خۆی ،بەڵکو ئەو ئاڵوگۆڕوگۆڕانە لەبۆچون و لێکدانەوەی دا لەو ڕوانگەیەوە بو کە گۆڕانی بابەتی لەوەزعەکەدا دروست بو بو کەلەسەرئەو قەناعەتە ساغ بێتەوە کەشۆڕشی بورژوازی لەئینگلتەرە تەواو بو بوبەلام لە ئیرلەندە کۆتایی نەهاتبو، جگە لەوەی سەرمایەداریش وەك مارکس خۆی پێشبینی ئەکرد لەناو نەچوبو ، لە بەرامبەر ئەوەشدا لەناو گەلی ئیرلەندەدا جولانەوەیەکی ڕزگاریخوازی بورژوازی پەرەی سەندبو. لەهەمان کاتدا جولانەوەی کرێکاری ئینگلیز لەو خرۆشانە شۆڕشگێڕیەدانەبو کەهیوای ئازادکردنی گەلانی بن دەستی لێ بخوازرێ ، بۆیە مارکس تەواو لەسەر ئەو بڕوایە ساغ بۆوە کە بەردەوام بونی چەوساندنەوەی گەلی

ئیرلەندە زیان بەمەسەلەی کرێکاری ئینگلیز خۆی ئەگەیەنێ و هەتا گەلی ئیرلەندە ئازادو سەرفرازنەبێ کرێکارانی ئینگلیز دەستیان لەو کۆت و بەندە سەربەست نابێ .

مەسەلەی کورد لەم سەردەمەی ئێستەماندا وەك کێشەکەی ئیرلەندەی سەردەمی مارکس چارەسەری کرێکاری بوی، لەناو نەتەوەی سەردەستەوە دواکەوتوەو لە ئارادا نیە.

گەر بەووردی سەرنج لەهەلومەرجی ناو عێراق بدرێ و ڕەوتی ڕوداوە سیاسیەکانی بەدی بکرێ و هەڵبسەنگێنرێ ، چاك ئەو حاڵەتە دێتە پێش چاو کەجوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد تاچ ئەندازەیەکی باش لەپێش جوڵانەوەی کرێکاری یەوەیە..لە ڕاستیدا لەوەتەی حیزبی بەعس لەسەر حوکمە جوڵانەوەیەکی کرێکاری خۆگرتوو بەرهەڵست کەدژ بە شۆڤێنیەت و سیاسەتی تیرۆری ڕژێم بێ و ترسێك بخاتە دڵی بەعسەوەو پەرێشانی بکات لەئارادا نەبوە، بەڵکو تەنانەت دیاردەی گشتی ڕەت کردنەوەو بەرپەرچ دانەوەی سیاسەتە چەوتەکانی حکومەت لەم چەند ساڵەی دوایی دا لەناو ڕیزی کرێکارانی عێراقدا کە بەشێوەیەکی ڕێکخراو و ڕێکوپێك بچێتە قاڵبی خەباتی سیاسی و پیشەیی هەستپێکراوەوەو ڕابەری بکرێ بەدی ناکرێ..کە ئەوە حاڵەتێکە شایەنی لێکۆڵینەوەو هەڵسەنگاندنە ، جوڵانەوەی کرێکاری ناو عێراق بۆ واسست و خامۆشەو نوزەی نایەت.

زۆر جار سەبارەت بەمەسەلەی کرێکاران و ڕەنجدەران دیدو بۆچونی میکانیکی ئەبێتە بنەمای لێکدانەوەی هەندێ کەس و لایەن،گرنگ هەر ئەوە نیە ناوی کرێکارو ڕەنجدەران بکرێتە دروشم وئیدعای نوێنەرایەتیان بکرێ، لەوەگرنگتر ئەوەیە کە ئەورێکخراوە تاچ ڕادەیەك ئەتوانێ دەور لەناویاندا ببینێ و ڕابەریان بکات .چونکە هەر هەژاری بەتەنها کافی نی یە تا مرۆڤ بکاتە شۆڕشگێڕو سۆسیالیست، ئەمڕۆ لەناوعێراقدا دیاردەیەکی زۆر فراوانی جاشێتی هەیە، ژمارەیەکی ئێجگار زۆریشی خەڵکە ڕەنجدەرو زەحمەتکێشەکەیە،لەبری ئەوەی کە خۆیان لەناو شۆڕشدا ببیننەوە بونەتە پێکهێنەری ئەولەشکرە فراوانەی شۆڕشی چەواشە،ئەوە حاڵەتێکی هەستپێکراوە هەقی وایە سەرچاوەی هۆکانی بزانرێ، ئەو پێ هەڵخلیسکان ولادانە

ڕووی چ مەسەلەیەك ئەگرێتەوە، هەر نەفرەت کردنی جاشێتی بەس نیە ئەگەر تیشکێك نەخرێتەسەر هۆکانی دروست بونی.

ئەوە لەکاتێکدا کە گروپ و ڕێکخراوی مارکسی و نامارکسی نیە لەعێراقدا لافی نوێنەرایەتی و ڕابەرایەتی سەرجەم کرێکارانی عێراق لێ نەدات و خۆی بەپێشەنگی ڕاستەقینەیان نەزانێ ، بەلام بۆ ئەو سستی و خامۆشیەیان کەس خۆی لێ یان ناکاتە ساحێب !.

لەگەرمەی باسی جەنگەکەو ڕاگرتن و کۆتایی هاتنی شەڕەکە هەندێك کەس و لایەن بەخۆشیەوە ئاواتی ڕاگرتنی ئەو شەڕەیان ئەخواست و بەوجۆرەش مەسەلەی جەنگەکەیان شی ئەکردەوە کە ڕاگرتنی شەڕەکە هەر هیچ نەبێ کرێکارانی لە لەناوچوونی بەکۆمەلّ ڕزگار کردو لەو تەنوری شەڕەی پاراستن ..باشە ئەوانەی لەدۆزەخی ئەوجەنگەدا ئەسوتان هەر کرێکاربون،یان هەر کرێکار پاراستنی ژیانی مەبەست و پیرۆزە، باقی چین و توێژەکانی کۆمەلّ زێدەو بەرماوەن !
خۆ ئەگەر ئەو دیدە ڕاست و ڕەوا بێ کەڕاگرتنی شەڕەکە ژیانی کرێکارانی پاراست و ئەوەش تاکە دەسکەوتی مەزن بێ کەشایەنی باس بێ ، باشەرکی ڕزگارکردنی گەل و نەهێشتنی ئەو هەموو مالّ وێرانیەش بەتەنیا بەوان بسپێرن ..بەلام دیارە ئەو جۆرە بۆچونە خۆشەویستیەکی نارّاست و دەربڕینی سۆزێکی سەرزارەکی عاشقانەی یەك لایەنە، کە نە وەلامی لەلای کرێکارانەوە ئەدرێتەوە، نە بەو بانگەوازەش ئەڕژێنە سەرشەقام و ئەکەونە شەڕی دەستەو یەخەی ڕژێم !.

# فره ڕێکخراوی سیاسی و مەسەلەی دیموکراسیەت

یەکێك لەو مەسەلانەی زۆر جار بۆ باسکردنی گۆڕانی هەلومەرجی سیاسی کوردستان دێتە پێشەوەو لەگەڵ سەردەمەکانی تری خەباتی گەلەکەمان بەراوردئەکرێ، مەسەلەی فرە ڕێکخراوی سیاسی و دیموکراسیەتە، هەندێ جار ئەم دوو مەسەلەیە تەواو پێکەوە پەیوەست ئەکرێ و وەك نیشانەی ئەو حاڵەتە باسی لێوە ئەکرێ کە ئێستە لە کوردستان دا هەلومەرجێکی ئێجگار نوێ هاتۆتە کۆڕێ و بیرکردنەوەو خەباتی خەڵك لە چوارچێوەی یەك بۆچونی تەسك و لەناو بازنەی یەك ڕێکخراوی سیاسی دەست ڕۆیشتودا گیر ناخوات، بەڵکو خەڵك خۆی ئازادو سەربەستە لەهەڵبژاردنی بیروڕای و هەر خۆشی سەرپشکە لەوەی تەقەلای چ جۆرە ڕێکخستنێك بدات کەڕەنگدانەوەی فیکرو بیرو بۆچونی بێ . .وەئەگەرچی پێشتر لەهەبونی پارتی دیموکراتی کوردستان کەبالادەست ترین ڕێکخراوی سیاسی خەڵکی کورد بو، لەپاڵی دا بیروبۆچونی جیاواز بەهی پارتیش هەبو،بەلام هی ئەوە نەبون چالاکی ئاشکرایان هەبێ و لەمەیدانی خەبات دا دەوری دیار و هەستپێکراو وازی بکەن ، تەنانەت حیزبی شیوعی عێراقیش بە ئیقلیمی کوردستانیشیانەوە لەهیچ دەمێك دانەیتوانیوە ببێتە حیزبی زۆربەی خەڵکی کوردستان.. دیارە ئەو حاڵەتەی پارتی لەوەوە نەبوە کە بەزەبری شەق خۆی سەپاندبێ و هیچ دەرفەت و بوارێك بۆ کەس نەبوبێ ڕێکخراوو حیزبی هاوشان بەپارتی لە مەیدان دا دروست بکات ، بەڵکو زیاتر لەوەوە بو کە پارتی مێژوویەکی تایبەتی لەتێکۆشانی خەڵکی کورد دا پەیدا کردبو بەجۆرێك کەببێتە تاکە حیزبی سیاسی خەباتگێڕ، جگە لەوەی تاساڵی ١٩٧٥ دوچاری شکستێکی سیاسی ئەوتۆ نەبو بو کە خەڵك دەست بەرداری بێ و لەڕابەری کردن و سەرکردایەتی کردنەکەی بێ هیوا بێ، سەرباری ئەوەی گەورەترین دەسکەوتی سیاسی لە

مێژووی جولانەوەی کورد دا ( بەیاننامەی ١١ ی ئازار ) لەسەر دەستی پارتی بەئەنجام هات .

دوابەدوای ئازاری ٩٧٥ لەوکاتەدا کەرژێم لەژێر پەردەی پروپاگەندەی "العائدون الى الصف الوطني"دا کەوتبوە وێژەی خەڵك و زۆربەی هەرەزۆری بەشداربوانی شۆڕشەکەی دەربەدەرو پەرەوازە کرد ، رۆژگارێك بو کە لەزۆر روەوە هیواو رۆناکی دوارۆژی کوێر کردبوەوەو زۆربەی خەڵکی کوردچاوەڕێ ی ئەوەیان ئەکرد رژێم بەچ چارەنوسێکیان بگەیەنێ،لەو دەمەدا تەنانەت بیرکردنەوە لەسازدانەوەی خەڵك و خۆ ئامادەکردن بۆ کارێکی نوێ بەسەرەرۆیی و شێتی ئەدرایە قەڵەم .
لەساڵی ٩٧٦ بەدواوە ئیتر ئەو قۆناغە نوێ یە هاتە پێش کە لەبری یەك حیزبی سیاسی دەست رۆیشتوو چەند حیزب و رێکخراو مەیدانی خەباتیان گرتەوە ، جگە لەوگروپە لاوەکی و بچوکانەی پاشان لەناو شارەکاندا دروست بون ، وەك هێزی سیاسی چەکدار چەند لایەنێك لەناو شاخەکاندابانگەوازو دەنگی شۆڕشیان دا بەگوێ ی خەڵك دا کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان شۆڕە سواری مەیدانەکەی بوو.

بەلام دوابەدوای ئەو سەرەتای دەستپێکردنەی شۆرش‌ولەدایك بونی ناسروشتی و زۆربونی رێکخراوی سیاسی لەساحەکەدا هەندێ حاڵەتی ناسروشتی مەترسی داری لەناو جولانەکەدا فوت کردەوە کەپێشتر نمونە تەنهاکەی لەساڵی ٦٦دا هەبو لەگەڵ جیاوازیەکی گەورەتر کەئەم جارەیان دابەشبونی هێزی پێشمەرگە لەبری ئەوەی لەنێوان شارو شاخ دا بێ و بەسەر دوو باڵی ناو یەك حیزبی وەك پارتی دا ، دابەشبونەکە بەرۆکی (ی.ن.ك ، پارتی، حسك ،پاسوك ،پاشانیش حشع ) ی گرتەوە.
دیارە مەسەلەی فرە رێکخراوی سیاسی کە لە هەلومەرجی کوردستان دابوۆتە دیاردەیەکی زاڵ و سەپاو، لەئەنجامی ئەو گەشەکردنە ئابوری ،کۆمەلایەتی،سیاسی و فەرهەنگییە پێشکەوتو ئاساییە نەهاتوۆتە کایەوە کەپێویستیەکانی گۆڕان و بوپێشەوە چونی کۆمەڵگای کوردستان دروستی کردبن ، هەروەها هەڵقولاوی ئەو هەلومەرجی سەربەخۆیی و سەربەستیەش نیە کە لەمەیدانی ململانێیەکی ئازادانەو لێدوان و پیاچونەوەو هەڵسەنگاندندا زۆرانبازییەکی سیاسی هێمنانە هاتبێتە پێشەوەوپێویستیەکانی خەباتی گەلی کورد ئەو فرە رێکخراوییەی دروست کردبێ .

لەڕاستیدا ئەو شکستە سیاسی و دەرونیەی لەساڵی ١٩٧٥ دا بەرۆکی خەباتی گەلەکەمانی گرت ،بۆماوەیەك بۆشاییەکی سیاسی گەورەی خستە مەیدانی خەباتەوە،هەڵسانەوە لەو نوێ دانە کاتیەو دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکدار لەحاڵی سفرەوە هەر خۆی ورەبەرزییەکی بێ هاوتاو دەست دانە پەخەی ئەو شەڕی موستەحیلە بو کەلەتاقەت و وزەی گەلانی ئەم سەردەمەدا نەماوە.

لەهەلومەرجێکی ئاسایی و هێمنانەدا کەدەربڕینی ئازادو سەربەستی بیروڕا سیمای گشتی تێکۆشانی سیاسی بێ ، دیاردەی فرە ڕێکخراوی سیاسی ئەشێ نیشانەیەکی ئیجابی دیموکراسی و ژیانی پەرلەمانتاری بێ کە گفتوگۆ و لێدوان و ڕەخنە ئەبێتە ئامرازەکانی ململانێ و ناکۆکی .. بەلام لەنەبونی ئەو دۆخ و هەلومەرجە ئێنەییەی خەبات ، وەلەهەبونی هێزی سیاسی چەکدار و دابەشبونی هێزو دەسەلات دا هەر ئەو حاڵەتەی لێ سەوز ئەبێ کە لوبنانی ئێستەو بۆ ماوەیەکیش کوردستان نمونەکەی بو!

خاڵێکی گرنگ کەشایەنی تێبینی کردنە، ئەوەیە کەلەعێراق بەگشتی و لەکوردستان دا بەتایبەتی دروستبونی ڕێکخراوی نوێ لەئەنجامی کەرت بون و پارچەبونە لە ڕێکخراوێکی دایك، زیاتر ئەو حاڵەتانەشە کەلە ئۆرگان و دەزگا بالاکانی سەرەوە ئەو پچڕان و کەرت بونە ڕوو ئەدات ..بەو واتایەی جیاوازی لەنێوان ئەندامانی سەرکردایەتی دا کە زۆر جار مەسەلەی دەسەلات و جۆری دابەشبونی پلەی لێپرسراوێتی ئەبێتە هەوێنی جیابونەوەو دۆزینەوەی بەهانەی فیکری و جیاوازی بیروڕا.

لەڕاستیدا لەناو هێزی پیشمەرگەی کوردستان دا بەدەگمەن کێشەو گیروگرفتەکان چونەتە ئاستێکی وا گرژو ئاڵۆزەوە کە ببێتە مایەی پێکدادان و خوێن ڕشتن ، لەو حاڵەتانەدا نەبێ کەپێشتر ناتەبایی و پەیوەندی ئاستەکانی سەرەوە گەیشتبێتە پلەی توندی ناکۆکی و تەقینەوە!..بەو مانایەی پیاهەڵپرژانی یەکتری نێوان پێشمەرگە هەردەم زەمینەی پێش وەختی هەبوە.

هەربۆیە ئەو حاڵەتی فرە ڕێکخراوی سیاسیە لە کوردستاندا لەگەڵ مەسەلەی دیموکراسیەت دا زۆر جووت و تەبا نیەو بەری لەدایکبونێکی سروشتی پێویستیەکانی خەباتیش نیە، جگەلەوەی بەقازانجی بۆپێشەوەچونی جوڵانەوەی کوردیش نەشکاوەتەوە، وە

ئەگەر ئەم یەکێتی و هاوپەیمانیەی ئەمڕۆی سەر ساحەی خەبات لەئارادا نەبوایە،تا ئەهات لەجەستەی جوڵانەوەکەی ئەخواردو دوارۆژو چارەنوسی جوڵانەوەکەشی ئەخستە بەردەم دووڕیانێکی پڕ مەترسیەوە.

ووردبونەوە لەپەیڕەوو پرۆگرامی هێزە سیاسیەکانی ئەمڕۆی کوردستان ، هەڵسەنگاندنی تێگەیشتنی سیاسی و ئامانجی دوورو ستراتیژیان جیاوازیەکی فیکری قوڵو خەتێکی تیۆری ئاشکرای وەها نیشان نادات لەنێوان هەندێ لەهێزەکان ، هەربۆیە ئەو دابەشبونە لەبنچینەدا جیاوازی بنەمای فیکری نیە ئەوەندەی پێویستی جیاوازی دەم وچاو و کەسی لێپرسراوە لەڕێکخراوی جیاوازدا!..ئەوە لەکاتێکدا کەئەبێ ئەوەش لەبەرچاوبگیرێ کە زۆربەی هەرەزۆری لێپرسراوە سیاسیەکانی ئەمڕۆ تا ساڵی ١٩٧٥ کەسانی ناسراو و لێپرسراو بون لەشۆڕشی پێشوداو هەروا بەئاسانیش دوای ئەو هەموو کێشەو بەسەرهاتە لە یەك حیزب و ڕێکخراودا یەکیان نە ئەگرتەوە!.

هەواڵنامەی کتێب

# بۆچون و ڕێبازە جیاوازەکانی مەسەلەی کورد

هەر لەوکاتەوە کە جولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان وەك جولانەوەیەکی نەتەوایەتی گەلێکی ژێردەست خۆی ناساندوەو بۆ داکۆکی لەمافی گەلەکەمان و بەرهەڵستی جەورو ستەمی داگیرکەران تێکۆشاوەو خەباتی بێ وچانی کردوە ، بیروبۆچونی جیاوازو لێکدانەوەی هەمەجۆر هاتۆتە گۆڕێ سەبارەت بە چۆنیەتی سەیرکردنی مەسەلەی کوردو ڕوانین بۆ جۆری ململانێ و دیاریکردنی ناکۆکی سەرەکی جولانەوەکە، هەروەها سەبارەت بە باسکردنی شێوەو جۆری چارەسەرکردنی کێشە ئالۆزەکەی ، جگە لەوەی بەدرێژایی تەمەنی جولانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد، وەبەپێ ی هەلومەرجی گەشەکردنی شۆڕشی کوردستان لەهەر بەشێك دا ململانێ ی سیاسی لەسەر لێکدانەوەی چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد هەر بەردەوام بوەو ڕەنگ و ڕوخساری ئەوقۆناغە مێژوویانەی بەخۆیەوە گرتوە کە خەبات و ڕوبەڕوبونەوە لە توندبون و خاوبونەوەدابوە..لەو مشتو مڕو زۆرانە سیاسیەدا هێزو ڕێکخراوە سیاسیە کوردی وغەیرە کوردیەکان بەشداربون و هەندێ جار کێشەی سیاسی و گێژاوی فیکریشی دروست کردوە، بەلام لەهیچ دەمێك دا وەك ئەم سەردەمە لەقالبی تێگەیشتنی سیاسی و لێکدانەوەی فیکری ڕوون دا خۆی نەنواندوە.

## بۆچونی یەکەم

ڕوانین بۆ مەسەلەی کوردو جولانەوە ڕزگاریخوازەکەی، وەك

بەشێکی لەپسان نەهاتوی جولانەوەی نیشتمانی و دیموکراتی هەر یەکێك لەو ولاتانەی کوردستان ونەتەوەی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە،هەروەهادانانی هەرپارچەیەکی کوردستان بەبەشێکی ناو ئەو دەولەتە..بەوپێ بەش چارەسەری مەسەلەی کورد لەناو چوارچێوەی مەسەلە دیموکراتیەکانی هەر یەکێك لەو ولاتانەدا ئەبینرێ .

ئەم بۆچونە لەگەلێك ڕوانگەی جیاوازەوە ئەڕوانێتە بنج و ناوەرۆکی مەسەلەی کوردو دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکەی ، لەلایەك ئەم واقیعی دابەشبونەی نەتەوەی کوردو پارچەپارچە بونەی خاکی کوردستان ئەکاتە واقعێکی هەمیشەیی نەگۆڕ و لەسەر ئەو بنچینەیەش چارەنوسی کورد لەهەر بەشێکدا بۆ هەتا هەتایی تێکەلّ بەچارەنوسی کۆمەلانی خەلکی ناو ئەو ولاتانە ئەکات..لەلایەکی تریشەوە بەوجۆرە مەسەلەکە لێك ئەدرێتەوە کە خەلکی کورد لەگەلّ باقی کۆمەلانی خەلکی ئەو ولاتانە ئەچنە ژێر سایەی یەك جۆر ناکۆکیەوەو چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردو لابەلاکردنی ناکۆکیەکەشی بەند ئەکەن بەچارەسەرکردنی مەسەلە دیموکراتیەکانی ناو ئەو ولاتانەو لابەلاکردنی ناکۆکی نێوان کارو سەرمایەوە..ئەمەش لەڕوانگەی یەکبونی بەرژەوەندی چینایەتی کرێکارانی سەرتاسەری ولاتەوە ئەڕواننە مەسەلەی کوردو چارەسەرەکەی ، بەناوی بەرژەوەندی چینایەتی هاوبەشی کرێکارانەوە خەباتی کۆمەلانی خەلکی کوردستان لەو تێزانەدا لەقالّب ئەدەن و حوکمی زاتی و پێکەوەژیانی هەمیشەیی بۆ کورد بەچارەسەری هەرەباش و ڕەوا ئەبینن.

ئەم بۆچونە لەدوو ئاستی جیاوازی لێکدانەوەوە ئەڕوانێتە مەسەلەی کوردو چارەسەرەکەی،ئاستێکیان بیرکردنەوەی بورژوای شۆڤێنی نەتەوەی سەردەستە،کەخاکی کوردستان بەبەشێکی ولاتی خۆیان ئەزانن و مەسەلەی کوردیش بەگیروگرفتێکی ناو ولات و کێشەیەکی ناوخۆ ئەدەنە قەلەم، جولانەوە ڕزگاریخوازەکەشی بەدەسکردی ئیمپریالیزم و پیلانی دەرەکی بۆ لەتکردنی یەکێتی خاکی ولاتەکەیان تاوانبارئەکەن..ئاستەکەی تریان بیروبۆچونی حیزبە شیوعیەکان وئەو گروپو ڕێکخراوانەیە کەچەپڕەوانن و لەسەر ئاستی سەرتاسەری ئەو دەولەتانە بیر ئەکەنەوەو کار ئەکەن..بەلام لە ڕاستیدا ئەو بیروڕایانە لەناو هەناوی جولانەوەی کوردەوە سەریان هەلّنەداوەو چەکەرەیان نەکردوە،

بەڵکو هەر لەو هەلومەرجەی کە کوردستانی تیا لەت و پەت کراوەو نەخشەی ناوچەکەی تیا شێوێنراوە داکەوتوە ، لەم ڕۆژگارەشدا تێڕوانینی ئەو هێزانەیە کە لەکەنارو دەرەوەی جوڵانەوەی کورد دەور ئەبینن و ئامانج و خەتی سیاسی بۆ دیاری ئەکەن .یەکێك لەو هۆیانەش کە گرێ وکوێڵی بۆمەسەلەی کورد دروست کردوەو بەری چارەسەرکردن و لێکدانەوەی ڕاستی کێشەکەی ئاڵۆز کردوە،ئەو تێزو بۆچونانەیە کە لەڕوانگەی کوێخایەتی کردنی خەڵکی کوردستان و ئەو وڵاتانەوە یەکێتی هەتاهەتایی و پێکەوە گرێدراوی چارەنوسی کورد لەو بەشانەدا دوپات ئەکەنەوە.ئەو بیرکردنەوەو تێڕوانینە نەك قازانجی بە جوڵانەوەی گەلەکەمان نەگەیاندوە بەڵکو زیانیشی پێ گەیاندوەو سەبارەت بەمەسەلەی هاوپەیمانی و پەیوەندی جوڵانەوەکەشەوە خستویەتیە بازنەیەکی تەسکی گەمارۆ دراوەوە.

هەواڵنامەی کتێب

## بۆچونی دوەم

ڕوانین بۆ خەباتی ڕزگاریخوازی کوردو کێشەی خاکی کوردستان لەڕوانگەی یەکبونی مەسەلەی کوردو چارەنوس و دوارۆژی نەتەوەی کوردەوە،کەبریتیە لەسەیرکردن ولێکدانەوەی مەسەلەی کورد وەك یەك مەسەلەی سیاسی هاوبەش.کەچارەنوس و دوارۆژی خەباتی هەربەشێکی کوردستان لەئامانجە گشتیەکانی جوڵانەوەی کورد دا یەك ئەخات .. بەو واتایەی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لەهەرپارچەیەکدا بەتوندی گرێدراوە بەجوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستانەوەو بەشێکی بنچینەیی لێ پێك ئەهێنێ.

ئەم بۆچونە ڕوانینە بۆ مەسەلەی کورد، لەو ڕوانگەیەوە کە ناکۆکی سەرەکی لەسەر زەمینی کوردستان، ئەو ناکۆکیەیە کەبزوێنەری ململانێی سیاسی خەباتی کۆمەلانی خەلکی کوردستانە کە لابەلاکردنەوەی دوارۆژی سیاسی نەتەوەی کوردی پێ ئەنوسرێ، کە مافی چارەی خۆنوسینە، بۆ ئەوەی ئەم مافە پێش وەخت مەرج دار بکرێ بەهەلومەرجێکی تایبەت و جۆرێکی دیاری کراو لەدەسەلاتی سیاسی ئاینەدەی هەندێ لایەن.

ئەو ناکۆکیەش لەنێوان خەلکی کوردستان و داگیرکەرانە، ململانێ وخەباتی نەتەوەی کوردە دژی سیاسەتی داگیرکردن و لەپێناوی ڕزگاری ویەکگرتنەوەی کوردستان،لەپێناوی سڕینەوەی شوێنەواری داگیرکردن و دواکەوتنی کوردستانە تالە شارێ ی ئاسایی خۆیدا ڕەوت بکات و گەشەکردنی ئابوری و کۆمەلایەتی بگرێتەبەر..دیارە ئەم بۆچونە دوو مەسەلەی گرنگ لەبەرچاو ئەگرێت :

یەکێکیان ـ ئەوەیە کەجولانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد لەهەر بەشێکدا ئەبێ هاوکارو هاوپەیمانی جولانەوەی نیشتمانی دیموکراتی ناو ئەو ولاتە بێ کە کورد تێیدا ئەژی.

دوەمیشیان ـ بریتیە لەوەی گەلی کوردو جولانەوەکەی لەهەر پارچەیەك دا بەشێکی جولانەوەی ڕزگاری نیشتمانی دیموکراتی کوردستانە، ئامانجە دورەکانی لەئامانجی گشتی جولانەوەی نەتەوەی کورد دا خۆی ئەبینێتەوە.

کوردستان ڕوبەڕوی دابەشکردن و پارچەپارچەیی دەرەبەگی نەبۆتەوە کەلەمێژووی گەشەکردنی ئەوروپی دا هەبوە ، بەلکو ڕوبەڕوی ئەو پارچەپارچەیی یە کەئیمپریالیزم سەپاندویێتی و تائێستەش درێژەی هەیە ، هەربۆیە گەشەکردنی ئاسایی و ئازادانەی ئابوری و کۆمەلایەتی کوردستان لەسایەی هەلومەرجی سەربەستی و یەکگرتنەوەی خاکی کوردستان دا ئەبێ نەوەك بەپێچەوانەوە..گەر بەووردی سەرنج لەئاستی گەشەکردنی هەر بەشێکی کوردستان بدرێ ولەگەلْ باقی بەشەکانی ئەو ولاتانە بەراورد بکرێ، ناهاوتایی و ناتەباییەکی ڕوون هەست پێ ئەکرێ و ئاقاری گەشەکردن و وەرچەرخانی ڕووداوەکان لەدوو ئاستی جیاوازدا ڕەوت ئەگرن،کەئەوە بەری دووئاستی لەیەك نەچووی گەشەکردن و بۆپێشەوەچونە..نیشانەی تایبەتمەندی هەلومەرجی کوردستان و پێویستیەکانی پەرەسەندن وگەشەکردنی

کۆمەڵگاکەمانە،کوردستان لەهەلومەرجێك دا هەنگاو ئەنێ و بۆ پێشەوە ئەچێ کەکۆسپی گەورەو قۆرتی زل بەری گرتوە،ئەویش مانەوەی دۆخی داگیرکردن و ژێردەستەیی نەتەوەی کوردە، ساغ نەبونەوەی ململانێ ی نەتەوایەتی و چارەسەر نەبونی ناکۆکی سەرەکی نێوان کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و داگیرکەرانە.

ئەو دوو بۆچونەو زۆرانی سیاسی نێوانیان ، نواندنەوەی هەبونی دوو ستراتیژی جیاوازو دوو تێگەیشتنی لەیەك نەچووە سەبارەت بەمەسەلەی کوردو ڕوانین بۆ جۆری چارەسەرکردنی کێشەکەی..بۆچون و ستراتیژێکیان زیاتر لە کەنارو دەرەوەی جولانەوەی کوردەوە تەماشا ئەکات و چارەسەر ئەدۆزێتەوە، مەسەلەی کورد بەش بەش ئەکات و بەو هەلومەرجە شێواوەی کوردستانی تیا ماوەتەوە لەقالبی ئەداتو ئەیکاتە واقعێکی نەگۆڕ، بەوەش مەسەلەی کورد ئاڵۆزتر ئەبێ و لەکێشەی ناوخۆی ئەو وڵاتانەدا ئەتاسێ..بۆچون و ستراتیژەکەی تریان کەبۆچون و ستراتیژی کوردستانی یە،لەهەناوی جولانەوەی کوردو لەسەر زەمینی کوردستانەوە هۆی ئەنجامەکان هەڵ ئەهێنجێ و شارێ ی ئاسایی خەبات دیاری ئەکات،لەڕوانگەی یەکبونی مەسەلەی کوردو چارەنوس و دوارۆژی سیاسی نەتەوەی کوردەوە ئەڕوانێتە بنج و بناوانی ئەوئاڵۆزی و کێشانەی تایبەتمەندی هەرپارچەیەك گرتویەتیە خۆی.

ئەو دوو بۆچونە سەرەکی یە سەبارەت بەجۆری ڕوانین بۆ مەسەلەی کوردو چارەسەری کێشەکەی ، لەسەر زەمینی واقیعی کوردستان ولەتێکۆشان و خەباتی سیاسی خەڵکی کوردستاندا خۆی لە سێ ڕێبازی سیاسی دا نواندوێتەوە:

ڕێبازی یەکەم : سەیرکردنی مەسەلەی کوردو دۆزینەوەی چارەسەری کێشەکە لەناو چوارچێوەی ئەو دەوڵەتانەی کەکورد تیایاندا ئەژی،ئەو هێزە سیاسیانەی ئالا هەڵگری ( ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان )بون و دروشمی دیموکراسیەت بۆ عێراق پێشیان لەپاڵ دا بەرزکروتەوە لەم ڕێبازەدان ، لەپێش هەموویانەوە پارتی دیموکراتی کوردستان و پاش ساڵی ١٩٧٦ یش هەندێ ڕێکخراوی تر، لەگەڵ بڕوا بون بەمافی چارەنوس و کیانی سەربەخۆی کورد لەداهاتودا.

ڕێبازی دوەم : بیرکردنەوەو ڕوانینی حیزبی شیوعی و ئەو ڕێکخراوانەیە کە یەکبونی ناکۆکی و خەبات و بەرژەوەندی هاوبەشی کرێکارانی سەرتاسەری وڵات ئەکەنە سەرچاوەی سەیر کردنی مەسەلەی کوردو چارەسەری کێشەکەش تەنها لەناوبازنەی چارەسەربونی مەسەلە دیموکراتیەکانی عێراقدا ئەبینن و بەو جۆرەش تەماشای مەسەلەی کورد ئەکەن کە بەشێك بێ لە کۆی مەسەلە دیموکراتیەکانی ناو عێراق نەوەك لایەنێکی ، مافی چارەی خۆنوسینی گەلی کورد ئەسەلمێنن ، بەڵام ئەو چارەسەرە بەڕەوا و دروست ئەزانن کە لەسایەی دەسەڵاتی ئەواندا کورد ئەبێ لەسنوری خۆیدا بمێنێتەوە. ئەم ڕێبازە هەتا ئێستە لە ناو جوڵانەوەی کورد دا دەورێکی سەرەکی نەبینیوەو زیاتر لە کەنارو دەرەوەی جوڵانەوەکەوە ڕۆڵی بینیوەو لەزۆر سەردەم و کات دا خەباتی نەتەوایەتی بەئەرکی بورژوازیەتی گەلی کورد زانیوەو لێ ی دوور بوە یاخود هەندێ جار بەرۆویدا وەستاوە.

ڕێبازی سێیەم : ڕێبازی کوردستانی یە، یەکبونی مەسەلەی کورد ئەکاتە بنچینەی ڕوانین بۆ لێکدانەوەی چارەسەری کێشەی گەلەکەمان و لە ئامانجە گشتیەکانی جوڵانەوەی کوردەوە سەیری تایبەتمەندی هەرپارچەیەك ئەکات، مافی چارەی خۆنوسین بە چارەسەری دروست ئەزانێ کەکۆمەڵانی خەڵکی کورد خۆیان ئازاد بن لەدیاری کردنی دوارۆژی خۆیان. چارەنوسی هاوبەش‌ودوژمنی هاوبەش خەباتی هەرپارچەیەکی بەتوندی پێکەوەگرێداوەولەسەر ئاستی کوردستان کارتێکردنی هەستپێکراوی بەجێ هێشتوە، بەو جۆرەی کە هەڵچون و نیشتنەوەی گڕو کڵپەی جوڵانەوەکە لەهەر بەشێکدا ڕاستەوخۆ کارئەکاتە سەر بەشەکانی تری کوردستان و باسکی جوڵانەوەکە لەهەرپارچەیەکدا بەهێز بوبێ و مەیدان و گۆڕەپانەکەی گەرم و فراوان بوبێ، پشت و پەناو هاندەری چاك بوە بۆ پارچەکانی تر. گەر شەپۆلی شۆڕشەکەش ڕووی لە نیشتنەوەو شکستی کردبێ ، مەترسی لەبەشەکانی تریشدا قوڵ کردۆتەوەو تەوژمی هەڵچون و بەدەنگەوە هاتنیشی کزو لاواز کردوەو گڕی شۆڕشی دەوروبەریشی کزو خەفە کردوە.. دیارە شیکردنەوەی بارودۆخی هەرپارچەیەك ،ناساندنی تایبەتمەندی و ئاستی گەشەکردنی لەنەخشەی ئەو ململانێ یەدا لێك نەداتەوە کە نەتەوەی کوردی تیا دابەشکراوەو بەرۆوی داگیرکەرانی دا ئەجەنگێ .

# خەباتی چەکدار و ئاورێك لە شۆڕشی ئەیلول

لەوانەیە سادەترین پرسیار کە مرۆڤ لەخۆیی و هاودەنگ و هاوبیری بکات، ئەو پرسیارە بێ کە ئێمە بۆچی دەستمان داوەتە چەك ؟ چ خۆشیەك لەبەکارهێنانی چەکدا ئەبینین گەر بۆ داوای ماف و پاراستنی سەربەرزی نەبێ ، چەك هەڵگرتنی خەڵکی کورد لەوەوە نەبوە کەڕێوشوێن و شێوازی گونجاو تری لەبەردەم دا بوبێ و نەیگرتبێتەبەر، یاخود شێوەکانی تری خەباتی لەلا سوك و کەم بایەخ بوبێ و پیادەی نەکردبێ،بەڵکو لەوەوە بوە کە ناچار کراوەو پاڵی پێوەنراوە،لەبری ئەوەی ڕێگەی پێ بدرێ خەباتێکی سیاسی هێمنانە بکات و ڕێکخراوی سیاسی و دیموکراتی و پیشەیی هەبێ و لەڕێگەیانەوە کارو خەباتی ئاسایی خۆی بکات ، بەپێچەوانەوە گوشار خراوەتەسەری تا ئەو ڕادەیەی بنکەی چالاکی وتێکۆشان بگوێزێتەوە ناوشاخ و چەك هەڵگرتن بکاتە شێوەی سەرەکی خەبات .

لە تەموزی ساڵی ١٩٥٨ دا لەئەنجامی ئەو وەرچەرخانە مەزنەی بەسەر عیراقدا هات و ڕژێمی پاشایەتی تیا ڕوخێنرا گەلی کورد لەهەموو کەس زیاتر تامەزروێ ڕۆژگاری ئازادی و سەربەستی بو کەلەسەر دەستی ڕژێمەکەی - عبدالکریم قاسم - دا پێ ی شادو سەرفراز بێ ، بەلام زۆری نەبرد ڕژێمەکەی قاسم دروشمی " الاكراد شركاء في هذا الوطن " ی تورێ داو لەبری سەلماندنی مافە ئاساییەکانی گەلەکەمان کەوتە پێ شێل کردنی داواکارییەکانی خەڵکی کوردو گوشارو ئازاردانی کردە ڕێوشوێنی وەلام ، بەجۆرێ کەهیچ جۆرە بوارێکی هێمنانەی خەباتی لەبەردەم کورد دا نەهێشتەوەو لەئاڵۆزبونی ئەو هەلومەرج و دۆخەدا شۆڕشی ئەیلول دەستی پێکرد..لەو دەمە حیزبی شیوعی پاڵپشتێکی گەورەی ڕژێمەکەی قاسم بو، خۆشی

مەیدانێکی باشی چالاکی بۆ ڕەخسا بو، بەڵام ئەو هاوکاری و پشت گرتنە توندەی ڕژێمەکەی قاسم مەترسیەکانی داهاتووی نزیکی لەبیر بردبۆوە، لەبەرامبەر شۆڕشی ئەیلولیش دا ئەك

هەر هەڵوێستێکی ساردو بێ لایەنی هەبو،بەڵکو بەرەو هەڵوێستی نەتەوەپەرستی شوڤینی عەرەب هەڵخلیسکاو چوە ئەو ئاستەوە کە شۆڕشەکە بە دژایەتی کردنی ڕژێمی پێشکەوتنخوازی قاسم بداتە قەڵەم و پشتی تێکرد، لەکاتێکدا کە حیزبی شیوعی لەو هەلومەرجە ناسکەدا کەڕژێم بەبارێکی خراپ دا شکابۆوەو مەترسی و زیانی زیاتر پەیدا کردبو ئەیتوانی هەم لە شۆڕشی کوردستان دا هاوبەش و بەشدار بوایە، هەم بۆ گۆڕانی ئەو هەلومەرجەی هاتەپێشەوە سازوئامادە بوایەو لە ناوەندو خوارووی عێراقیشدا دەست پێشکەرو ڕێکخەری پلانێکی ئەوتۆی کاریگەر بوایە کەعێراق دوچاری ئەو ڕۆژە ڕەشە نەبوایە کەلە ٨ ی شوباتی ١٩٦٣وە تارمایی نەهامەتی هێناو ئاسۆی وڵاتی لەو کاتەوە تاریك کرد.

لەڕاستیدا بیروبۆچونی سەرەکی حیزبی شیوعی لەسەردەمی حوکمڕانی قاسم دا بەوجۆرە بوکە بیر لەخەباتی چەکداری نەکەنەوەو لەهەمان کاتیشدا بەهەر نرخێك بێ پشتیوانی تەواو لە ڕژێمەکە بکەن ..بەڵام هەرلەو دەمەدا هێزە کۆنەپەرستەکان زەمینەی ئەو جەنگە ناوخۆییەیان خۆش ئەکرد کە هەم حیزبی شیوعیان بەئاگرەکەی سوتاند، هەم خۆشیان گرەوی دەسەڵاتیان بە کودەتا ڕەشەکە بردەوە.جگە لەوەی دەستەو تاقمی کودەتاکە هیچ کاتێك ئەو مەسەلەیەیان لەیاد نەکردبو کە جگە لە ڕژێمەکەی قاسم دەستێکی کوشندەشلەحیزبی شیوعی بوەشێنن، بۆیە لەهەردوو حاڵەت دا گەر حیزبی شیوعی بێ دەنگ و بێ لایەن بوایە یاخود هاوپەیمان و پارێزەری حوکمی قاسم ، ئەو نیشانە بوو کە کودەتاییەکان لەسەری ساغ ببونەوە کە تیری خۆیانی تێ بهاوێژن و بەچاکی زاماری بکەن !*

---

* " حیزبی شیوعی عێراق " بابەتێکی لێکۆڵینەوەیە لەسەر مێژووی حیزبی شیوعی و سیاسەت و هەڵوێستەکانی ، باسێك لەباسەکانی - حیزبی شیوعی و مەسەلەی کورد- ئەبێ .

شۆڕشی ئەیلول لەو سەرەتا ناخۆش و پڕ دژوارەوە دەستی پێکرد کە بەنانەسکی پێشمەرگەو هێزو توانایەکی نەبوی کەم کەبەهیچ جۆرێ جێگەی بەراورد کردن نەبو لەگەڵ توانای دوژمن بەڵام لەهەمان کاتدا سۆزو خۆشەویستی هەموو خەڵکی کوردی لەگەڵ دا بو، هەر لەو کاتەشەوە کە گەلەکەمان دەستی داوەتە خەباتی چەکدارو مەفرەزەی بچوکی پێشمەرگانەی پێکەوەناوە تا ئەوکاتەی ژمارەی هێزی پێشمەرگە لەسەروو سەد هەزارەوە بوە، هەردەم گەر بۆ ماوەی زۆر کورتیش بوبێ پشودان و خاو کردنەوەی وەرع و تەقەلای وتوێژ لەئارادا بوە، هەرچەندە جۆری خەبات کردنی خەڵکی کورد لەژێر باری ئاڵۆزبونی دۆخی سیاسی ناو وڵاتدا هەر ڕووی لەوە کردۆتەوە کەخەباتی چەکدار ببێتەوە شێوەی سەرەکی تێکۆشان. لەڕاستیدا زۆربەی زۆری چالاکیەکانی پێشمەرگە لەسەرونەو سنورەوە بوە کەبەو چەکانەی بەردەست بکرێ، بەو واتایەی لەمەیدانی بەکارهێنانی چەك و ڕوبەڕوبونەوەی دوژمن دا پێشمەرگەی کورد ئازایەتیەکی بێ وێنەی نواندوە، گیانی ورەبەرزی و خۆبەخت کردن لەپێناوی گەل و نیشتمان دا هەمیشە یەکێك بوە لەنیشانە هەرەبەرچاوەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی. بەڵام هەر لەوهەلومەرجەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان توانیبوی زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کورد لەدەور خۆی کۆبکاتەوەو لە خەباتی چەکداری چەند ساڵەی بەگژاچونی ڕژێم دا ڕابەریان بکاتو بەیانی ئازاربەحکومەت دەربکات، لەناو خۆیدا تائەهات گرنگی و بایەخی ڕێکخستنی سیاسی و ئاستی ژیانی حیزبایەتی ڕووی لە نزمی و دابەزین ئەکرد، لەو چەند ساڵە کەمەی بەیاننامەکەشدا گەرچی حکومەت بەشێنەیی کاری بۆ پوچەڵ کردنەوەی ناوەرۆکی بەیاننامەکە ئەکرد، بەڵام شۆڕش لەقۆستنەوەی ئەو دەرفەتە نەك سەرکەوتو نەبو بەڵکو زۆر مەسەلەی بنچینەیی ئەو دەمەی بەلاوە نابو و لەهەمان کاتیشدا لەگەڵ ڕژێم دا خۆی گلاندبوە ناو گێژاوی کێشەو گیروگرفتی لابەلاوە کەحکومەت خۆی لەبەهانەو بیانوو ئەگەڕا بۆیان، سەرباری ئەوەی کە پاشگەزبونەوەی ڕژێم لەزۆر خاڵی گرنگی بەیاننامەکەو دەرکردنی " پرۆژەی حوکمی زاتی" لەساڵی ١٩٧٤ دا کەخۆی لەخۆی دا بێ ناوەرۆك کردنی هەموو ئەو بەندە سەرەکیانە بوو کە لەسەرەتادا تیایدا هاتبون و لە ئەنجامی بوغرابون و ناڕاستگۆیی لە جێ بەجێ کردنی بەیاننامەکە ئەو پرۆژەیەی دەرکرد، کەلەلایەن شۆڕشەوە ڕەت

کرایەوەو بەوەش زەمینەی شەڕبونەوە زووتر ڕەخسا و خەڵکی کورد جارێکی ترو بەشێوازێکی ئێجگار فراوانتر ڕووەو چیاکان هەڵکشانەوەو ئەمجارەیان کەوتنە داوی میحنەتێکی گەورەی ئەوتۆوە کە مێژووی جولانەوەی گەلەکەمانی تەواو بە بارێکی تردا وەرچەرخاند.

لەماوەی ئەو چوار ساڵەی بەیاننامەی ١١ ی ئازاردا گەر سەرنجێکیش لەهەڵوێستی حیزبی شیوعی بدەین ، هەندێ لایەن بەدی ئەکەین کەشایەنی باس بێ. سەرەتا حیزبی شیوعی لەو لایەنانە بوو کەبەگەرمیەوە پشتیوانی لە چارەسەرکردنی ئاشتیانەی مەسەلەی کورد کردو لەدارشتنی هەندێ لەبەندەکانی ڕێکەوتننامەکەشدا بەشداربو و بەرێوشوێنێکی دیموکراتیانەی لابەلاکردنی کێشەی کوردیان ئەزانی ، لەساڵی چوارەمی ڕێکەوتنەکە ڕووداوە سیاسیەکانی ناو عێراق هەروا بەشێنەیی ڕەوتیان ئاکردو گۆڕانی خێراو جەوهەری هاتە پێشەوە، ڕژێم لەلای خۆیەوە نەخشەی پوچەڵ کردنەوەی بەیاننامەکەی سازکردبو ئازاری ٧٤ یش نزیک ببوەوە بۆئەوەی دەست بکات بەجێ بەجێ کردنی پیلانەکانی.. لەو دەمەدا لیژنەی مەرکەزی لەسەرەتای ئازاردا لەسەر زاری ( ماجد عبدالرضا )وە لەگۆڤاری (الثقافة الجدیدة- عدد آذار٩٧٤) وتارێکی بلاوکردەوە و دەستی بۆ ئەو لایەنە ڕاکێشا کە ڕێگەی چارەسەری ئاشتیانەو دیموکراتیانەی ڕێکەوتننامەی ئازاری ٩٧٠ بە((بەشداربونی پارتی دیموکراتی کوردستان ئەبێ لە بەرەی نیشتمانی دا))،بەو واتایەی بەشدار بونی پارتی بەمەرجێکی ئەوتۆ دانا کە چارەسەری دیموکراتی مەسەلەی کورد دابین ئەکات..لە ١١ ئازاری ٧٤ دا حکومەت کەپێشتر لەلای خۆیەوە بڕیاری دابو ، هەستا بە ڕاگەیاندنی پارتی و لەهەمان کاتیشدا ئاگاداری کردەوە کە لەماوەی ١٥ ڕۆژدا بڕیارەکانی حوکمی زاتی پەسەند بکات((ئەگینا مافی نوێنەرایەتی کردنی کوردەکانی عێراق لەدەست ئەدات و ئەوکاتەش مافی ڕژێمە کە نوێنەرانی تر لەکوردەکانی عێراق دیاری بکات بۆ هاوبەشی لە حوکم دا— جریدة الثورة ١٣ آذار ٩٧٤ — )).دیارە حکومەت زووتر نوێنەرە ڕوو ڕەشەکەی کوردی ئامادە کردبو( عزیز عقراوی و دەستەو تاقمەکەی )کەبەتەواوی لەبەرچاوی گەلەکەماندا سوك و ڕیسوایان بکات.

بەڵام ئەوەی سەرنج ڕاکێشە لەهەڵوێستی حیزبی شیوعی دا ئەوەیە کە هاوزەمان لەگەڵ پێ داگرتنی حکومەت و پەلەکردن و بیانو دۆزینەوە بۆ گوشارخستنە سەر سەرکردایەتی جوڵانەوەی کورد، ئەوانیش لەلای خۆیانەوە ڕاگەیاندنەکانیان بەبارێکی تردا پەخش ئەکرد..دیارە ڕژێم لەدوای ١٥ ڕۆژ تێپەڕبون بەسەر ١١ ئازاری ٧٤ دا بەشێوەیەکی ڕەسمی ڕێکەوتننامەکەی لەلای خۆیەوە هەڵوەشاندەوەو هێزەکانی جەیشی خستەوە گەڕ بۆ پەلاماردان و بەگژاچونەوەی شۆڕش..لەو دەمەداو هەردوای دوو مانگ لیژنەی مەرکەزی هەڵوێستی پێشوی تەواو بەبارێکی تردا وەرچەرخاند، ئەو پارتی دیموکراتی کوردستانەی پێش دوو مانگ لەئاستی مەرجی سەرخستنی بەیاننامەی ئازاری دانا کەبچێتە ناو بەرە نیشتمانیەکەی خۆیان و بەعسەوە، کەچی

لە ٦ ئایاردا لەڕێگەی - طریق الشعب - وە هێرش ئەکاتە سەری و ناوی ئەبا بە((باڵی ڕاستڕەو لە جوڵانەوەی کورد و پەیوەندیەکانی ئەم باڵە گومان لێکراوە بە دوژمنانەوە - طریق الشعب عدد ٦ آیار ٩٧٤ - )).

سەرنج لێرەدا ئەوەیە،پێش دوو مانگ سەرکردایەتی شۆڕش هەر پارتی ناوبوو،هیچ باڵی چەپ و ڕاستی تیا دروست نەبو بو، بەقبوڵ نەکردنی پرۆژە بێ ناوەرۆکەکەی حکومەت و دەست پێکردنەوەی شەڕی نێوان کوردو ڕژێم،سەرکردایەتی شۆڕشەکە بوە باڵی ڕاستڕەو و گومان لێکراو، ئەو بادانەوەیەی بۆچونی حیزبی شیوعی ئەو خاڵەشی هێنایە سەرباس کە ئاخۆ باڵی چەپ یاخود باڵی شۆڕشگێڕی ناو پارتی کێ بوبێ ،کە لەوکاتەدا تەنها دەستە خۆفرۆشەکەی - عزیز عقراوی - لەپارتی داپچڕا بو،ئەگینا ئیقلیمی کوردستانی حیزبی شیوعی جگە لەوەی کە بەشێك نەبو لەسەرکردایەتی جوڵانەوەی کورد،لەلایەن ڕژێمیشەوە وەك لایەنێکی جوڵانەوەی کورد سەیر نەکراوە!

دەستپێکردنەوەی شەڕی کوردو ڕژێم لەساڵی ٧٤ دا،ئاستێکی تری بەخۆیەوە گرت،لەلایەك خەڵکی کوردلەڕژێم تەواو بێ بڕوا بوبو، حکومەتیش لەهەمان کاتدا لەسەر ئەوە ساغ ببوەوە کە ئەمجارە مەسەلەی کورد لەڕێگەی شەڕو سەرکوتانەوە بەلادابخا یاخود لوتی کورد لەتاقیکردنەوەیەکی سەخت و تاڵ دا بشکێنێ کەجارێکی تر بیرلەشۆڕش و بەگژاچونی نەکاتەوە..ماوەی خەباتی ئەوجارەی گەلەکەمان نۆ ساڵی نەخایاند بەڵکو لەیەك

ساڵدا بڵاوەی پێ کرا،لەماوەی ئەو ساڵەدا هێزەکانی شۆڕش هەروەها خەڵکی نا چەکداری سەر بەشۆڕش بەئەندازەیەکی بێ سنور زۆرو فراوان ئەبون و تائەهات ئەرکی بەخێوکردن و ئیدارەکردنیان لەسەر شۆڕش گران و نارەحەت ئەبو،سەبارەت بەهێزی پێشمەرگەش لەڕووی فەبارەو ژمارەیەوە گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتبو، چەك و تەقەمەنی و پێویستیەکانی شەڕوچالاکی باشی کەوتبوە بەردەست، بەجۆرێ کە زۆربەی شەڕەکانی ئەو ساڵە سنوری شەڕی پارتیزانی تێپەڕکردبو و هێزی پێشمەرگە شەڕی درێژو فراوانی بەرەیی لەگەڵ دوژمندا دائەمەزراند کە لەوەدا نابەرامبەری نێوان هێزی شۆڕش و ڕژێم دەرئەکەوت و بەفارانج و سودێکی دیاری خەباتی گەلەکەشمان نەئەشکایەوە جگە لەوەی ئەو جۆرە شەڕانە تائەهات لەپاڵ پەیوەندیەکانی تردا زەمینەی پشت بەستن بەیارمەتی دەرەوەی خۆشتر ئەکرد.

لەماوەی هەردوو ئازاری ٧٤- ٧٥ دا شۆڕشی کورد لەڕووی فەبارەو دام و دەزگاوە تائەهات پان و بەرین ئەبو، زۆربەی ئەو خەڵکانەی کە لەناو شار فەرمانبەرو موچەخوری میری بون یاخود لەکاروباری خزمەتگوزاری دا ئیشیان ئەکرد،لەدەرەوەش گەر بەرووکەشیش بێ دام و دەزگای لەجۆری حکومەتی پێکهێنرا بو، تەنانەت بۆخوێندکارانیش هەر لەئامادەیی بازرگانیەوە تا زانکۆ کرابۆوە، بەوجۆرە هەرکەسەو بەپێ ی ئیشی کۆنی خۆی ئیشێکی هاوتای بۆ دۆزرابۆوە و بەپێوانە لەگەڵ موچەی پێشوی دەرامەتێکی بۆ دیاری کرابو..سەبارەت بەژمارەی هێزی پێشمەرگەش هیچ کاتێك شۆڕشی کورد ئەوەندەی ئەو دەمە هێزی چەکداری پۆشتەو پەرداخی نەبوە،بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو توانا زۆرو ئیمکانیاتە بەرفراوانەی لەبەردەست دا هەبو کاریگەری هێزی پێشمەرگەو توانای دەست وەشاندنی لەدوژمن لە ئاستی نەك پێویست دا نەبو بەڵکو نزمتر بو، کەئەوەیان پەیوەندی بە جۆرو چۆنیەتی ئاراستەکردن وبەگەڕخستنی هێزی پێشمەرگەوە هەبو لەئاستەکانی سەرەوە..لەماوەی ئەو ساڵەدا شۆڕشی کورد لەجەستەو ئەلاری دەرەوەیدا گەورەو مەزن بو، بەڵام ناوەرۆك و دەرونی شۆڕشەکە ڕووی لەکزی ولاوازی ئەکرد،مەسەلەی ڕێکخستن یاخود ژیانی حیزبایەتی نەك هەر بابەخی گرنگی نەمابو بەڵکو ڕێگەی پێ نەئەگیراو دەزگای چاودێری سەرخەڵك شوێنی گرتبۆوە.

لەماوەی ئەو ساڵەدا دەروازەی شۆڕش لەقوڵی ئێرانەوە تەواو لەسەر کاری پشت بو، ئاوەڵا بونی ئەو دەروازەیە و پشت ئەستوربون بە هاوردەکانی رێگەی، شۆڕشی گەلەکەمانی سەرمەستی هیواو دوارۆژێکی نادیار کردبو، ڕاگەیاندنی ناو شۆڕش مێشکی خەڵکی بە داهاتویەکی نزیکی سەرفرازی گۆش ئەکردو باسی لەپشتیوانی بێ پایانی گەلان و دەوڵەتانی دونیا ئەکرد بۆ خەباتی گەلەکەمان، بەڵام لەڕاستیدا شۆڕش ئەوەندەی گیرۆدەی پەیوەندی نادروست و خۆبەدەستەوەدانی ئەو دەست تێکەڵ کردنە نابەرامبەرییە بوبو بەو ئەندازەیەش سەرەتای پشت بەخۆبەستنی لەیاد کردبو و لەمانگەکانی دوایی ساڵی ٧٥ دا سەقامگیری شۆڕشەکەو خۆگری هێزوتوانای لەژێرکۆنتڕۆڵی سەرکردایەتی دا نەمابو..لە ٦ ئازاری ٧٥ دا لەئەنجامی ئەو نزیك بونەوەو رێکەوتنەی نێوان شا و بەعس دا کە داماڵینی گەلی کورد هۆی هەرەسەرەکی پێکهاتنیان بو، ئەو ڕاستیانەش تەواو دەرکەوتن کە سەرکردایەتی جوڵانەوەکە تاچ ئەندازەیەك کاری لەدەست خۆیدا نەمابو و وزەی درێژەپێدان وبەرەنگاری لێ دەرکێشرابو، هەربۆیە بەمۆرکردنی ئەو پەیمانی تاوانەی نێوان هەردولای دوژمن بڵاوەی بەهێزی شۆڕش و جەماوەرەکەی کرد..زۆرجار کەباس لەوساتی بڵاوەپێکردن و ساحەچۆڵکردنە یاخود توانای درێژەپێدان و بەرەنگاری کردن ئەکرێ ، تەوەری مشتومڕو لێدوان لەسەر ئەو بابەتە دوو ئاقاری لێکدانەوە ئەگرێتە خۆی، یەکێکیان بەوجۆرە چارەنوسی شۆڕشەکە لێك ئەداتەوە کە مەسەلەکە لەدەست کورد خۆی دا نەمابو، کورد کەوتبوە ناو داوی پیلانێکی ئیمپریالیستی گەورەوە کەدەرچونی نەبو لێ ی، جگە لەوەی لەو دۆخە شلۆق و شێواوەدا هێزەکانی شۆڕش توانای خۆگرتنەوەو بەردەوام بونی نەمابو، هەر بۆیە زەرەر لەنیوەی بگەرێتەوەیان پێ باشتر بوە وەك لەتیاچونی گشتی و یەکجارەکی هێزەکانی شۆڕش..لێکدانەوەکەی تر بەو جۆرە ئەڕوانێتە ئەو ساتە مێژوویيە کە هەموو توانایەکی باشی درێژەپێدان و بەرەنگاری لەئارادابو، لەو ڕوانگەیەوە کە کۆمەڵانی خەڵك و هێزی پێشمەرگە ئامادەی قوربانی وخەبات بون و دەیان ملیۆن دینارو ئازوقەی بەردەستی چەند مانگێك و ئیمکانیاتێکی بێ ئوماری چەك و تەقەمەنی مابۆوە کە ئەوانە هەموویان مایەی ئەوەبون شۆڕش بخەنەوە سەرسکەی ئاسایی خۆی و شۆڕش دوچاری ئەو شکستە نەکرێ.

سەرنج لێرەدا ئەوەیە،شۆڕش هەردەم تۆڕو داوی پیلانی ئیمپریالیستی لەدەور بوە،بەڵام ئێمە خۆمان هێڵی پەیوەندی و دەست تێکەڵ کردنەکەمان بەدەستو پێوەندەکانی ئیمپریالیزم لەناوچەکەدا توند گرێ دابو، ئەو سەرئەنجامە تاڵەی بەرۆکی شۆڕشەکەشی گرت خۆمان بەر لەخەڵك و لایەنی تر بەرپرسیارین بەرامبەری، چونکە شۆڕش لەناو خۆیەوە ڕووی لە داوەشان و لێك ترازان کرد،بەجۆرێ کە ئەو سەرکردایەتیە بە ئیمکانیاتی زۆری شۆڕشەکەوە خەباتەکەی بەجێ هێشتو ماڵ ئاوایبان لێ کردبن تەنها دوو ڕێگەی دەربازبونی شەرمەزاریبان لەبەردەم خەڵکەکەدا هێشتەوە کە یەك لەوی تریان ڕووشکێن تر بو.

سەبارەت بەو ڕەئیەش کەباسی توانای درێژەپێدان و ڕاگرتنەوەی ئەو وەزعە ئەکات ئەوەشیان لێکدانەوەیەکی تیژو واقیعبینانە نیە،چونکە ڕاگیرکردنی دۆخێکی شێواوی لەوجۆرە بەرێکخستنێکی خۆگرتوی زیندو ئەکرێ کە پارتی لەو ڕۆژگارەی ساڵی ٧٥ دا ئەو ووزەو توانایەی تیا نەمابو،پاشان ئەوانە کێ بون کەئەیان توانای لەدوای بارزانی ڕەحمەتی وسەرکردە ناسراوەکانی ئەو دەمە جڵەوی مەسەلەکە بگرنەوەو جارێکی تر ئەسپی شۆڕش لەساحەی خەبات دا تاو بدەن، ئاخۆ بۆچی بەو کارە هەڵنەستان؟.لەڕاستیدا مەسەلەکە بەوجۆرە نەبو کە دوایی مشتومڕو هەڵسەنگاندنی لەسەر ئەکرا ، ئەو هەرەسە گەورەیەی شۆڕش هەرەس بو لەباری دەرونی خەڵك لە سیاسەتی شۆڕش و پەیوەندییەکانی،لەجۆری بەکارخستنی هێزی پێشمەرگە، هەرەس بو لە ڕابەرایەتی کردنی جوڵانەوەکە، بەرەنجامی ئەو دەستگرتنەوە زۆرە لەدراوسێ ی دوژمن و لانەکردنەوە لەهێزی خۆ و پشت نەبەستن پێ ی سەردانەواندنی لەدواهات..بۆیە ئەو دارمان و هەرەسە هەر ڕووی ئەدا بەڵام ڕێکەوتننامەکەی ٦ ئازاری ٧٥ کاتی ڕودانەکەی زووتر خەملاند.

# خەباتی چەکدار و گفتوگـــۆ

لەباسێکی پێشوتردا سەرنج لەوە درا کەگەلی کورد هەمیشە پێی ی باش بوە بەرێگەی ئاشتی و هێمنانە داوای مافەکانی خۆی بکات،هەتا بکرێ بەرێگەی قانونی و سەلماندنی ڕەوایی داخوازییەکان کورد بەمافەکانی شادببێ و لەپاڵی دا بەشداری لەژیانی کۆمەڵ دا بکات و دەور لەگۆڕانکارییەکاندا ببینێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەی کورد هەمیشە بەدرێژایی مێژوو لەسەرخاکی خۆی ژیاوە،هەردەم ئەو مافە سادەو ئاساییانەی دانیشتوانی هەر خاکێک هەیانە بەکورد ڕەوا نەبینراوەولێ ی زەوت کراوە سەرەڕای ئەوەش بەمیوانی سەرخاکی نەتەوەی سەردەست یاخود بە گێرەشێوێن و تێکدەرانی ئاسایش لەقەڵەم دراوە..هەربۆیە گەلی کوردلەئەنجامی ئەوەی هیچ دەرفەتێکی ئاسایی داواکردنی مافەکانی لەبەردەمدا نەهێڵراوەتەوە،بۆیە ناچاربوەلەپێناوی پاراستنی ژیان و کولتورو مافی مانەوەی دا هەموو شێوەکانی تری خەبات پیادە بکات تا بەسەرشۆڕی نەژی و لەسەرخاکی خۆی هەڵنەکەنرێ و بەزۆرو سەرکوتانەوە لەناو بۆتەی نەتەوەی سەردەست دا نەتوێنرێتەوە.

لەمێژووی دوورو نزیکی خەباتی گەلی کورددا،هیچ شێوەیەکی خەبات ئەوەندەی خەباتی چەکدار نەبۆتە ڕێوشوێنی سەرەکی ڕووبەروبونەوەو بەگژاچونی دوژمنـــان ، کە ئەوە نیشانەیەکی ڕوونی ڕادەی توندبونەوەو سەختی ناکۆکی نێوان خەڵکی کوردو داگیرکەرانە، خەباتی چەکدار لەکوردستان دا هەرخۆی بەڵگەی قوڵ بونەوەو تەقینەوەی ململانێ ی نێوان خەڵکی کوردودەسەڵاتی زۆرداریی زەوتکەرانی مافەکانی گەلی کوردە.

گەر زۆر نەگەڕێینەوە بۆ ڕابوردویەکی دوور لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان، هەر لەوکاتەوە سەرنجێک بە

جولانەوەی کورد دا بگێڕێـن کە خەباتی سیاسی لەپاڵ خەباتـی چەکداردا هاوشان بەیەك ئامانجی سیاسیان بۆ جولانەوەی کـورد دیاری کردوەو لەو ڕێگەیەوە کۆمەلانی خەڵکیان کۆکـردوٚتەوە و لەململانێ ی ڕژێمەکاندا بەگەڕیان خستون ، ئەتوانرێ نمـونەی شـۆڕشی ئەیلول لەماوەی پتر لە ٩ سـالْ تێکۆشـانی سـەخت و خوێناوی دا جێ ی ئەو سەرنجە بێ کەبتوانرێ لەڕەوتی شۆڕشەکە هەروەها هەڵسەنگاندنی خەباتی چەکداری خەڵکی کوردلەوتەمەنی خەباتەدا بکرێتە باسێکی پێوانە بۆ بەشێکی گرنـگ لە قۆناغی تێکۆشـانی سیاسی چەکدار..لەڕاسـتیدا لە کوردستانی عێراقدا بەدرێژایی ئەو مێژوویەی گەلی کورد خەباتی سەخـت و دژواری لەشێوەی ڕاپەڕین و شۆڕشی چەکداردا بەرپاکردوە، لەو ڕۆژەوە کەسادەترین چەك و تەقەمەنی کەوتوٚتە دەسـتو بەکاری هێناوەو دەستەی بچوکی پێشمەرگانەی پێکەوەناوە،هەتا ئەوکاتەی برێکی باش لەچەکی هەمەچەشـنی ئەم سەردەمەی بەدەستهێناوەو سنوری چالاکی و بالادەستی لەگۆڕەپانی شەڕو پێکادانا گەیشتوٚتە پلەو ئاستێکی بالای کەم وێنـە.وەهەر لەوکاتەوە کەجولانەوەی کورد بوٚتە مایەی دروستکردنی ئائارامی و ڕاکێشانی سەرنجی گەلان و دەوڵەتانی ناوچەکەو جیهان، تا ئەوکاتـەی کە حکـومەتەکانـی عێراق ناچاربون بەهەموو تواناپانەوە ئەرکـە ڕاسـتەوخۆکانی جەیشـی عێراق بەدژایەتی کردن و بەگژاچـونی جولانـەوەی کورد دیاری بکەن. .شـوٚڕشی کورد بەجیاواری قۆناغ و سەردەمەکانەوە لە واقیعـی عەمەلی دا ڕووی لەوەکـردوە کە حکـومەت بـەرەو سـەر مێـزی گفتوگـۆ ڕابکێشـێ .

مێـژووی شـوٚڕشی کورد لەکوردسـتانی عێـراقدا هـەر خـوٚی مێژووی شـەڕو ئاشـتی گفتوگـوٚیە، مێژوویـەکە کە لەئەنجـامی وەلام نەدانەوەی داخوازییـەکانی کـورد شـەڕو خەباتی چەکدار بوٚتە ئامرازو شـێوەی سـەرەکی خەبات تا ئەوکاتەی لەلێواری مێـزی گفتـوگـۆیەکی نابەرامبـەردا هـەردولا بۆ سـەلماندنی بەشێکی داواکارییەکان و لەیادکـردن و بەدەسـت نەهێنـانـی بەشـێکی تر، کوردلەگەڵ حکومەتەکاندا بۆ ماوەیەك لەئاشتی و ڕێکەوتنێکی نا عادیلانەو ناچاریدا لەیەکتـر بێ دەنـگ بون و لەهەمان ساتیشدا بۆیەکتر لەسەنگەر، هەر کاتێکیش ڕژێمەکان هەلی باشتری لاوازکردن و لێدانی جولانەوەی کوردیان بۆ ڕەخسا بێ،بەگـژ کورد دا چونەتەوەو ناچاریان کردوٚتەوە کەڕووەو چیا

هەڵبکشێ و لولەی تفەنگیان ئاراستە بکەنەوە..بەو جۆرە خەباتی گەلی کورد هەر لەسەرەتاوە تا ئەمڕۆ لە بارنەیەکی ئاڵۆزدا سوڕ ئەخوات و لەسەرەتای ڕەوت کردنیەوە بەرەو پێش و ناواخنی بارنەکە بەتەوژمێك ئەڕوات، سەرئەنجام بەتەوژمێکی ترو شێوازێکی ترەوە پێچ ئەخوات و بۆ حاڵەتی دەرکەوتوی دەستپێکردنەکە ئەگەڕێتەوەو چەق ئەبەستێ .

شۆڕشی ئەیلول لە ٦١ - ٧٠ پاشان درێژەکێشانی تاساڵی ٧٥ توانی خەباتی چەکدار لەئاستە هەرە سەرەتاییەکانی بەرەنگار بونەوەوە بگوازێتەوە بۆ ئەو ئاستەی کە ڕژێمێکی بەهێزو بەتوانای وەك بەعس بۆ گفتوگۆ و بۆ سەلماندنی مافی ڕەوای گەلەکەمان بەرەو دانیشتن و دان پیانان ڕابکێشێ،بەجۆرێك کە گۆڕانێکی وا لەتەرازوی هێزدا بخوڵقێنێ کورد لەسایەیدا بەیاننامەی ئازار بەدەست بهێنێ و بۆ یەکەم جاریش لە مێژووی خەباتی چەند ساڵەیدا دەسکەوتێکی سیاسی گرنگ بۆ جولانەوەکەو تێکۆشانی خەڵکەکەی بپچڕێ.

گەر چاوی سەرنج بخرێتەوە سەر ئەو دەسکەوتەی بەخەباتی چەکداری چەند ساڵەی شۆڕشی ئەیلول بەدەست هێنراو لەهەمان کاتیشدا ئەو پرسیارە بکرێ،ئاخۆ شۆڕشی ئەیلول لەدەسکەوتی حوکمی زاتی ناو بەیاننامەکەی ١١ی ئازاری ٩٧٠ زیاتری پێ دەستگیر ئەبو؟..دیارە گەر بەشێوەیەکی تیۆریش بێ لەوەڵامی پرسیارێکی وەهادا ئەکرێ دەست بۆ سروشت وجۆری پێکهاتنی چینایەتی سەرکردایەتی جولانەوەی کورد ڕابکێشرێ کە لەماوەی ئەو چەندساڵەی خەباتی گەلەکەماندا شۆڕشەکەیان بەچ بارێکدا بۆپێشەوە بردوەو تاچ ئەندازەیەك لەپەیوەندی وڕابەریکردنی شۆڕشەکەدا سەرکەوتو بوەو پاشانیش جولانەوەکەیان لەسەر لێواری ئەو هەڵدێرە گیرساندەوە کەهەر ئەبوایە هەرەسەکە بیهێنێتە خوارێ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا هەڵسەنگاندنێکی ناڕاست و بێ ویژدانیەکی گەورەیە گەر چاو لەو دەسکەوتە سیاسیەی ساڵی ٩٧٠ بپۆشرێ و هەموو قوربانی و خەبات و گیانبازی خەڵکی کورد لەبارنەی ئەو میحنەت وشکستەدا سەیر بکرێ و بەیەك دوو وشە تاقیکردنەوەی شۆڕشی ئەیلول وەك ئەزمونێکی تاریك تەماشا بکرێ کە تروسکایی هیوای تیا نەبوبێ .

خەباتی چەکدار لە شۆڕشی ئەیلول دا لەسەریەک ڕەوتی هەڵچون و ڕێکردن درێژەی نەبوە ، بەڵکو بەپێ ی ڕوودانی ئاڵوگۆڕو هاتنەپێشەوەی هەلومەرجی نوێ، شۆڕشەکەش هاودەم لەگەڵ ڕەخسانی ئەو وەرچەرخانانەدا ڕووی لەتوندبون و خاو بونەوە کردوە،ئەوکاتانەی باری ئاکۆکی وململانێکە لەتوندی و گرژی دا بوە شەڕو پێکدادانی سەخت زمان حاڵی ئەو دۆخە بوە، هەرکاتێکیش تروسکایی باسکردنی مەسەلەی کوردو نیازی تەفەلایەکی ئاشتی خوازانە لەئاسۆوە دەرکەوتبێ، جوڵانەوەی کوردیش سەری بۆلەقاندوەو ئامادەی گفتوگۆ بوە.گەر سەرنجێك لەتەفەلای نزیك بونەوەو بەیەك گەیشتنی هەردوولا بدەین و کورتەیەکی ئەو ڕۆژگارانە(*) بخوێنینەوە،ئەو لایەنە بەدی ئەکرێ کەبەدرێژایی شۆڕشی ئەیلول بەردەوام نیازی نزیك بونەوەو ڕاوێژکردن لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە ئارادا بوە:

١- پێش تەقینەوەی شۆڕشی ئەیلول، خوالێ خۆشبو بارزانی پێ ی وابو کەهێز کۆکردنەوەکە لەهەموو لایەکی کوردستاندا ژەنەراڵ قاسم ناچار دەکات گفتوگۆ لەگەڵ پارتی ولەگەڵ خۆی بکات و ئەوساش گفتوگوی لەگەڵ دەکرێ .

٢- دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلولیش بارزانی هەرئامادەی گفتوگۆ بوو.کە میری - عمیدحسن عبود - ی ڕاسپارد،بارزانی قبوڵی کردو لەنزیك سەرسەنگ لەگەڵی دانیشت،بەڵام حکومەت نەیەویست درێژە بەگفتوگۆیەکە بدات.

٣- کەژەنەراڵ قاسم عەفوی دابۆ هەموو ئەوانەی ناوی خۆیان بەفیدائی بۆ ڕزگارکردنی کوێت دەنوسن ، بارزانی شەهید عەلی عەسکەری ڕەوانەی قایمقامی شێخان کرد تا پێ ی ڕابگەیەنێ کەئامادەن خۆیان بەو جۆرە فیدائیە دابنێن.بەڵام دیسان میری گفتوگۆکەی پساندەوە.

---

* بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە کتێبی ( گفتوگۆی شۆڕش لەگەڵ میری )- م .س بەکێتی نیشتمانی کوردستان /ساڵی ١٩٨٥- چاپخانەی شەهید جەعفەر.

٤- پێش ڕوخانی حوکمی ژەنەراڵ قاسم حیزبی شیوعی و ئاشتی خوازانی عێراق و هێزە چەپ و دیموکراتەکانی عێراق لەژێر دروشمی ( ئاشتی لەکوردستان دا ) دەستیان دایە حەملەیەکی گەورە بۆ دروستکردنی گفتوگۆ لەنێوان میری و شۆڕشی کوردستان دا.بۆ ئەو نیازەش دەیان هەزار ئیمزایان کۆ کردەوەو دەیان کەسیشی تیا گیرا.

٥- لەدوای سەرکەوتنی کودەتای شوباتی ٩٦٣ بەسەر حوکمەکەی قاسم دا،سەرکردایەتی بارزانی و(م.س) پارتی ڕازی بون بە گفتوگوکردن.ئەوەبو کە حکومەت خوالیّ خۆشبو(سالەح یوسفی و سەرهەنگ کەریم قەرەنی) یان ناردە لای بارزانی ئەویش شەڕی ڕاگرت و وەفدێکی ناردە بەغدا.گفتوگۆی ئەو دەمە بە ڕەزامەندی یەکێتی سۆڤیەتیش بو.وەلەکاتێکیشدابو کەکودەتای شوبات لەلایەن سۆڤیەت و دەوڵەتە سۆسیالیستەکانی دۆستی سۆڤیەتو لەلایەن زۆربەی حیزبە شیوعیەکان و سۆسیالیستەکانی دونیا،زۆر بەتوندی ئیدانەدەکرا.دوای شەڕبونەوەش،لەئەنجامی هێرشی میری بۆ سەر کوردستان،دیسان یەکێتی سۆڤیەت کە لەو ڕۆژەدا زۆر بەتوندی دژایەتی حوکم و پشتیوانی شۆڕشی کوردستانی دەکرد،داوای لەسەرۆك جەمال عەبدولناسر کرد تا بکەوێتە بەینەوە،بۆ ناوبژی کردن لەنێوان حکومەتی عێراق و شۆڕشی کوردستاندا بۆئەوەی بەگفتوگۆ نەك بەشەڕ کێشەکەیان چارە بکەن.

٦- لەدوای دەرکردنی باڵە بەعسیەکەی کودەتای شوباتو جێگیربونی حوکمی مشیر عبدالسلام عارف و هێنانی تاقمێکی ناسریش بۆ وەزارەتی ژەنەراڵ ( تایەر یەحیا ) دیسان سەرکردایەتی بارزانی بەبەشداری دوو ئەندامی م.س خوا لێ خۆشبو( نوری صدیق شاوەیس و مام جەلال ) گفتوگۆی لەگەڵ میری دەست پێکردەوە.ئەنجامەکەشی ئیمزاکردنی ڕێکەوتنەکەی ( بارزانی و حاج عبدالرزاق موسلی)بو کەهیچ ناوی ئوتۆنۆمی بگرە ناوی گەلی کوردیش نەهاتبو.بەڵکو لەجیاتی گەلی کورد باسی " اخواننا الاکراد" کرابو ولەجیاتی هێشتنەوەو گەشە پێدانی هێزی پێشمەرگە بەیانەکەی شۆڕش داوای لێ کردبون تا " أن یعودوا الی أعمالهم الحرة الکریمة"، تەنانەت هەموو ناحیەو قەزا ڕزگارکراوەکانیش بدەنەوە میری! لەسەرئەوەش ناکۆکیە دێرینەکەی ناو سەرکردایەتی پارتی تەقیەوەو هەر - هاشم عەقراوی - لەگەڵ سەرۆکی پارتی مایەوەو هەموو

ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی پارتیش لەگەڵ م . س لە دژی ڕێکەوتنەکە وەستان.بەخوالێ خۆشبوان ( ساڵەح یوسفی و کاك نوری شاوەیس)وە هەروەها عەلی عەبدولا و نوری احمد طه /ش جگە لەئەندامانی تری م .س و کۆمیتەی ناوەندی کە هەمویان ڕێکەوتنەکەیان پێ ناڕاست بو.

٧- لەساڵی ٩٦٥ میری شەڕی فرۆشتەوەو گفتوگوی تێك دایەوە. بەلام دیسان لەحوزەیرانی ٩٦٦ دا وەزارەتەکەی ( عبدالرحمن البزاز ) ڕێکەوتن نامەیەکی لەگەڵ سەرکردایەتی بارزانی بەست کەباڵەکەی ( م .س )بەشلەپارتی دا پشتیوانی لێکرد. لەو ڕێکەوتنەشدا باسی ئۆتونۆمی نەکرابو ، شەڕیش ڕاگیرا.

٨- لەتەموزی ساڵی ٩٦٨ دا کودەتایەك ڕوویداو تاقمەکەی (عبدالرزاق النایف،ابراهیم الداود، د. ناصرالحاني) هاتنە سەرکار،لەوەزارەتی یەکەمیندا دوو وەزیری شۆڕشی تیابو. سەرکردایەتی بارزانی شەڕی ڕاگرتەوەو کەوتەوە گفتوگۆ لەگەڵیدا.لە ٣٠ تەموزدا باڵە بەعسیەکە تاقمەکەی (النایف + الداود) دەرکردو وەزارەتێکی تریان دانا، بەدوو وەزیری سەربە پدك (سەرۆك بارزانی)و یەك وەزیری سەربەپدك (م .س). لەسەر بەشدارکردنی ئەو وەزیرەیان سەرکردایەتی بارزانی وەزیرەکانی خۆی نەناردو دەستی کردەوە بە تێکدانی نێوان خۆی و میری ، بەلام پاش ساڵێك لەشەڕکردن دیسان گفتوگۆی پەسەند کردەوە.

٩- لەساڵی ٩٧٤ یشدا دیسان سەرکردایەتی پارتی و شۆڕش بەڕێبەری بارزانی نەیان دەویست شەڕ بکەنەوە،بەڵکوویستیان ئاشتی و گفتوگو هەر درێژە بکێشێ.ئەوە بولەدەوروبەری تەواو بونی مۆڵەتی چوار ساڵەکەدا خوالێ خۆشبو( ئیدریس بارزانی) یان ناردە بەغدا بۆئەوەی داوای دواخستنی یەك ساڵی تری شەڕ کردنەوە بکات.بەلام حکومەتی عێراق داواکەی ڕەت کردەوەو سوربو لەسەر سەپاندنی حوکمە زاتیە کارتۆنیەکە یاخود شەڕ کردنەوە!.

١٠- لەدوای کارەساتی ٧٥ دیسان تاقمێکی زۆر لە کۆنە سەرکردەو کادرەکانی پدك لەئێران کۆبونەوەو نوێنەرێکیان ناردە لای میری تاکو ڕێگەیان بدات بچنەوەو پدك زیندوو بکەنەوە یان لەو پدك ی میری دا کاربکەن بەوشەرتەی ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادی تیا بدرێت و بواری چالاکی قانونی ئاشکرایان هەبێ لەچوارچێوەی ڕژێم و قانونەکانی عێراقدا،

بەلام حکومەت خۆی ئەمەشی ڕەت کردەوەو لێ ی قبولْ نەکردن .

لەدوای سالْی ۹۷٦ یشەوە ناوبەناو هەم لەلایەن میریەوە بە نهێنی و لەڕێگەی کەسی سێیەمەوە پەیوەندی بە هێزەکانەوە کراوە، هەم هێزەکانی کوردستانیش ئەو هەولْ و تەقەلایانەیان ڕاستەوخۆو بەبێ هۆ ڕەت نەکردۆتەوە، وە لەگەلْ ئەوەی لەسەر ئاستی جیاوازو بەپێ ی ڕوانینی حکومەت بۆ هێزە سیاسیەکان ئەو پەیوەندی و نزیك بونەوانە ڕویداوە،بەلام هیچیان لەماوەی هەشت سالێکدا نەگەیشتۆتە ئاستی پێکهاتن و گفتوگۆی ڕەسمی جگە لەوەی لەگەلْ یەکێتی نیشتمانی دادروست بو. بۆ یەکەم جار لەمێژووی خەباتی چەکداری گەلی کورد دا دوای هەشت سالْ میری و شۆڕش بەیەك گەیشتنەوە، گفتوگۆی سالْی ۹۸٤ بەتەنها لەگەلْ یەك لایەنی سیاسی کراو لەهەلومەرجێکدا بو کە هێزەکانی کوردستان ناکۆك بون و هەمویان بەڕوی یەکێتی دا وەستابون، ئەو پێکهاتنەی نێوان میری و یەکێتی لەزروفێکدا بو کەهەردولا گەزدکیان بو و شەقی زەمانەش سەپاندی، ئەگینا نە حکومەت بیروڕاو تێگەیشتنی لەسەر کورد گۆڕا بو نە یەکێتیش دوچاری ئەو تەنگ بینیە ببو کەسروشتی ڕژێمی لەلا گۆڕابێ، بەلام ئەو تاقیکردنەوەیەش هەرسالێکی خایاندو پاشگەزبونەوەی ڕژێم جارێکی تر تەقەلای چارەسەرەکەی هەلوەشاندەوە.

بەوجۆرە جولانەوەی کورد گەرچی شێوەی سەرەکی خەباتەکەی خەباتی چەکدار بوە،بەلام خواستو ئامانجی سیاسی جولانەوەکە لەمەودای حوکمی زاتی تێپەڕی نەکردوە،بەو مانایەی گەیشتن بە مافی حوکمی زاتی لەڕێگەی ڕاکێشانی حکومەتی مەرکەزی بۆ گفتوگۆ و لێدوان لەسەر جۆری چارەسەرکردن و لابەلاکردنی کێشەی کورد،ئامانجی سەرەکی شۆڕشی کورد بوە لە کوردستانی عێراقدا.لەڕاستیدا کورد ئەوەندەی لەشەڕو پێکادانی دوژمندا ئازاو دلێرو کارامە بوە،لەبواری بردنەوەی گفتوگۆو ململانێ

لەسەر دان و ستاندن بەزمانی سیاسەت و شەڕی دیپلۆماسی ئەوەندە سەرکەوتو نەبوە، ئەگەرچی بەشێکی گرنگی هۆی ئەو مەسەلەیە ئەگەڕێتەوە بۆ تەرازوی هێزو دەسەلات. هەرچەندە گۆڕانی هەلومەرجی سیاسی ناو ولات یاخود ناچاربونی حکومەت بۆ دانیشتن لەگەلْ جولانەوەی کورد دا بارەکەی تا ئەندازەیەك بەقازانجی شۆڕشدا شکاندبێتەوە، بەلام دیسان نا بەرامبەری هێـز لەنێوان کوردو دوژمن دا هەرئەو حالەتەی خولقاندوە کە ڕژێم زیاتر سەرەداوی بڕیاری بەدەستەوە بوبێ. جگەلەوەی پاشکەزبونەوەو هەلوەشاندنەوەی بنەماکانی پێکهاتنیش هەر بەهەمان شێوە زیاترمیری دەست پێشکەربوە بۆی و هەمیشە حکومەتەکان لە ئارام بونەوەی وەزع و خۆگرتنەوەیاندا شالاوی ڕق و کینەیان کردۆتەوە بەگژ جولانەوەی گەلەکەماندا و مافەکانیان پێشێل کردوین و مەسەلەکەشیان ڕەت کردۆتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# خەباتی چەکدار و
# دروشمی ڕوخاندنی ڕژێم

مەسەلەی بنچینەیی و گرنگی هەر ڕێکخراوو حیزبێکی سیاسی مەسەلەی پچڕین و بەدەستهێنانی دەسەڵاتی سیاسی یە، بەواتای ئەوەی کە ڕێکخستنی سیاسی هەر چینێك خەبات بۆ ئەوە ئەکات تابتوانێ دەسەڵاتی چینە دژەکەی لەق بکاتو دەسەڵاتی چینەکەی خۆی بسەپێنێ، لەوەشدا ئەو ململانێ چینایەتیە سەختوخوێناویە بەرپا ئەبێ کەبۆ لابەلاکردنەوەی ناکۆکی و دەسەڵاتە لەنێوان چینی سەردەست و فەرمانڕەوا و چینی ژێر دەستو بێ بەشدا.

ڕوخاندنی ڕژێم لە عێراقدا، دروشمی جوڵانەوەی کورد نی یە، چونکە شۆڕشی کورد لەسەر زەمینی کوردستانەوە لەئاستی ئەرکی هەڵتەکاندنی دەسەڵاتی حوکمی مەرکەزی دا نیەو پێشی ئەنجام نادرێ. جوڵانەوەی کورد ئەتوانێ لەپاڵ جوڵانەوەی نیشتمانی عێراقدا هاوکارو یاریدەدەری ئەو ئەرکە بێ، ئەوە فەرمانێکە پێشوەخت بەرۆکی هێزە شۆڕشگێڕە عێراقیەکان ئەگرێت. شۆڕشی کورد لەباشترین حاڵەتدا ئەتوانێ دەسەڵاتو فەڵەمڕەوی حوکمی مەرکەزی لەکوردستاندا لاوازبکاو ڕای بماڵێ. هەربۆیە خەباتی کوردو ئامانجی شۆڕشەکەی لەواقیعی عەمەلی دا هەرڕووی لەوە کردوە کەتەرازوی هێز بەو بارەدا لەنگ بکات کە حکومەت بەرەو گفتوگۆو لێدوان ڕابکێشێ. خەباتی چەکدارو هەڵگرتنی دروشمی بالاتر لەتوانای خۆمان خەباتی گەلەکەمانی تا ئێستە

بۆ توانای بەدەستهێنانی ئامانجی بەرزتر نەگواستۆتەوەو لەسنورو بازنەی دەسکەوتی حوکمی زاتیشی دەرنەهاویشتوە.

ساڵی ٩٧٦ سەردەمێکی نوێ ی دەست پێکردنەوەی خەباتی گەلەکەمان بو، ئەو هەڵسانەوە خێراو دلێرانەیەی شۆڕشگێڕانی گەلەکەمان لەو شکستو مەینەتیە گەورەیە بەمێشکی زۆر لە

دۆستو دوژمناندا گوزەری ناکردو هەروا بە ئاسانی ناچوە باوەڕی خەڵکەوە، کەئەوەش وزەو خسلەتێکی شۆڕشگێڕی ئەوتۆیە هەلومەرجی داگیرکردن ودۆخی تایبەتی چەوساندنەوە ڕەگی پێ داکوتاوە،لەو ساڵەوە سەرلەنوێ هیوایەکی نوێ کەوتەوە ئاسۆی دوارۆژی ئازادی خەڵکی کورد..ڕژێم لە نشوستیەکەی ساڵی ٩٧٥ بەوجۆرە ڕەفتاری لەگەڵ خەڵکی کورد ئەکرد کەبۆ هەتاهەتایی تەقەلای ڕاپەڕین و شۆڕشی لەناو کورد دا کوێر کردۆتەوە،بەڵام ئەو حساباتەی حکومەت نەك هەر وادەرنەچو بەڵکو شۆڕشی ئەم جارەیان لەماوەیەکی تاڕادەیەك کورت دا توانی خۆی بەباشی جێگیر بکات و ئەو بۆشاییە سیاسی و پێشمەرگانەی سەر ساحەی خەبات زوو پڕ بکاتەوە..جێ ی خۆشیەتی لێرەدا چاوی سەرنج بخرێتەوە سەر هەندێ دیاردەو ڕوداوی ئەو دەمە بەتایبەتی کەخەباتی پاش ساڵی ٧٥ لەزۆر ڕوەوە سەبارەتبەقۆناغی پێشو هەندێ دیاردەی جیاوازی گرتەخۆی،ساحەی خەبات وەك لەباسێکی پێشوتردا ئاماژەی بۆکرا، لەبری یەك هێزی سیاسی چەکدار بوە مەیدانی چەند حیزب و ڕێکخراوێك ، دروست بونی حاڵەتی فرەڕێکخراو لەهەلومەرجێکی ناسروشتی و نا ئازاد دا هەرخۆی دابەشبونی هێزی پێشمەرگەو مەیدانی خەباتەکەی بەدواداهات، بەجۆرێ کەلەناو سنوری ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستاندا بەئاشکرا تواناو دەسەڵاتە جیاوازەکانی هێزەکانی تیا بەدی ئەکرا،تەنانەت زۆر جار لەتێکەڵبون و دەستێوەردانی یەکتر بۆ سنوری دەسەڵات و حوکمڕانی ناوچەکان ناکۆکی و شەڕو خوێن ڕشتنی تیا قەوماوە.

ڕوخاندنی ڕژێم ، ئەو دروشمە بو کە لەشۆڕشی ئەمجارەدا برەوێکی زۆری هەبو و بگرە لەوەش زیاتر هەندێ جار ڕادەی شۆڕشگێڕی هێزەکانیشی پێ پێوانە ئەکراو بەرزکردنەوەی ئەو دروشمە بوبوە نیشانەیەك بۆ ناسینی بڕواو هەڵوێستی هێزە کوردستانیەکان لەمەڕ مەسەلەی هاوخەباتی لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق و مەسەلەی بەعێراقی کردنی شۆڕشەکەی کوردستان..لەڕاستیدا هەڵگرتنی ئەو دروشمە ئەگەرچی خۆی سەرەتاو بڕوایەکی سیاسی دروست بوە، بەڵام لەواقیعی عەمەلی خەبات و لەبواری کارو چالاکی هەستپێکراودا نەیتوانیوە لە مەودای دروشم و بانگەوازی سیاسی تێپەڕ بکات.سەرباری

ئەوەی مەبەستێکی سەرەکی بەرزکردنەوەی ئەو دروشمە لەوەوە بوە کە مەیدانی خەبات و بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق بەرین و فراوان بکرێت و تواناو ووزەی جولانەوەی کوردو جولانەوەی نیشتمانی عێراق پێکەوە لەخەباتێکی هاوبەشدا بۆ ڕوخاندنی ڕژێم تەرخان بکرێت..لەو بوارەشدا کارێکی زۆرو تەقەلایەکی بێ وچان درا تالەچوارچێوەیەکی سیاسی و بەرەیی دا ئەو هێزو توانایە کۆبکرێتەوەو داوودەزگاو ئۆرگانی گونجاویشی بۆ پێك بهێنرێ کەڕەنگدانەوەی کاری هاوبەش و هاوپەیمانی ناوبەرەی هێزە شۆڕشگێڕەکانی سەرتاسەری عێراق بێت..دیارە مێژوی ئەو تەقەلاو کاری بەرەیی یە جگەلەوەی زۆری نەخایاند، لەهەمان کاتیشدا هەر زوو ناتەبایی تێ کەوت و کۆسپو تەگەرەی لاواز بونی بۆ دروست بو کەهەندێکیان پەیوەندییان بەکاریگەریی و دەوری ئەو بەرانەوە هەبو لەسەر زەمینی واقیع ، هەروەها جۆرو ئاستی پەیوەندی نێوان هێزە پێکهێنەرەکانی لەئاقارێکی ڕاست و ڕەواندا خۆی نەئەگرت و تا ئەهات خاڵی ناکۆکی و نەگونجان جێ ی بەبنەمای پێکهاتن وتەبایی لێژنەکردو ئەنجام بەرەکە وەك قاوغ و ناو ئەمایەوە.

سەرنج لێرەدا ئەوەیە کە تەقەلای بەعێراقی کردنی شۆڕشی کوردستان هەر لەو ئاستەدا مایەوە کە ئۆرگان و داوو دەزگای سەرخانی بۆ دروست کرا کەتێیدا نوێنەرایەتی سەرکردایەتی هێزەکانی تیا کۆکرابوۆوە،ئەگینا وەك ئەوەی هێزی هاوبەش و چالاکی ئەو نوێنەرایەتیە عێراقیە لەسەر ساحەی خەبات دەوری هەستپێکراوی هەبوبێ لەئارادا نەبوە..هەر لەو ڕۆژەشەوە کە (تەجەموعی وەتەنی عێراقی و پاشانیش جەوقەد) دروستبون و نوێنەرایەتی ئۆپۆزیسیۆنی عێراقی یان تیا دروست کراوە، جگە لەوەی نەیان توانیوە لەناو شۆڕشدا ئەو سەرەتاو بنەما سەرەکیەی هاوپەیمانی ڕەنگ پێ بدەنەوەو بەکردەوە دوپاتبێ لەبەرامبەریشیدا ( جود ) فوت کرایەوەو بەعەمەلی ئەو سەرەتای هاوپەیمانیە کەرت کراو لەبری کاری هاوبەش و یەك سەنگەری سیاسەتی تەوەرە ( المحاور ) جیاوار و دژەکان جێ ی گرتەوە.

دیارە بەعێراقی کردنی شۆڕش لەکوردستانەوە هەروا کارێکی ئاسان نیەو تەقەلای دروستکردنی هەندێ داوودەزگای شێوە بەرەبیش کافی نیە بۆ چەسپاندنی سەرەتاکانی ئەوهاوخەباتی و هاوسەنگەریە، خاڵی بنچینەیی ئەو مەسەلەیە بەندە بە هێزە عێراقیەکانی ئۆپۆزیسیۆن خۆیانەوە، لەو ڕووەوە کە تاچ ڕادەو ئاستێك ئەتوانن بەشداری لەخەباتی ڕۆژانەو ململانێ ی ڕژێمدا بکەن ، چونکە هیچ کاتێك ڕژێم هەڕەشەو گوڕەشەی ئەودیو سنور ترس ناخاتە دڵیەوەو کاریش لەسەر هێزەکانی ناکات، دەبیان بەرەی بەرین و هاوبەشی هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن دروست ببێ و مەودای ئیشی لەدەرەوەی مەیدانی ململانێ و شۆڕشەکە بۆ نەبونی باشترە. .بەعێراقی کردنی شۆڕش نە هەر بەتەنیا لەکوردستانەوە ئەکرێ نە هێزە سیاسیەکانی کوردستانیش هەر خۆیان ئەو کارەیان پێ ئەچێتەسەر، ئەو مەسەلەیە دوو لایەن و سەرەتای گرنگی پێوەبەندە،یەکێکیان ئەوەیە مەودای شۆڕشەکە لەناوەڕاست و خواروی عێراقیشدا ڕەنگدانەوەی هەبێ و هەستی پێ بکرێ،ئەویتریشیان بەندە بەئامادەبونی ئەو هێزانە لەسەر مەیدانی خەبات و تێکۆشانەکە، ئەوەك خوێن و خەبات بەشی کورد بێ و ووشەو بانگەوازی سیاسیش ئەرکی ئەوان.

لەوانەیە هەندێ جار ئینسان بیروڕای سەیر بە مێشکی دا گوزەر بکات و هەندێ قەناعەتی خراپیش بە بیری دا بێ و ئەو پرسیارە لەخۆی بکات، کە ئاخۆ ئەگەر لەناوەڕاست و خواروی عێراقیشدا لەجۆری شاخ و دۆڵەکانی کوردستان هەبوایە تۆ بڵێی بەعێراقی کردنی شۆڕشەکە زۆر ئاسان نەبوایە و جوڵانەوەی نیشتمانی عێراقیش لەهەڵچون و هەژانێکی تردا نەئەبو؟!
ڕاستە لەناوەڕاست و خوارووی عێراقدا شاخی سەختی وەك کوردستانی لێ نیە،بەڵام لەو ئاستەشدا نیە کەهیچ کەڵك وسودی خەباتی نەبێ، جگەلەوەی هەموو شۆڕشەکانی دونیا هەر لەپاڵ بەردو شاخی سەخت و ئەشکەوت دا نەکراوە..لەمێژوی ڕابوردوی عێراقدا دوو شۆڕشی بەناوبانگی تیا کراوە، یەکێکیان (شۆڕشی زنج ) بوە، ئەوی تریشیان شۆڕشەکەی ساڵی ١٩٢٠،ئەوەی شایەنی باسیشە لەشۆڕشی بیست دا شۆڕشگێڕەکان هێرشی ئاسمانی زۆر فراوانیشیان لەسەربوە.لەبەشی خوارەوەی عێراقدا ناوچەیەکی فراوانی زەلکاو( الاهوار) هەیە کەناوچەی گوزەران و ژیانی خەلکەو کشتوکاڵی برنجی تیا ئەکرێ و شوێنی ڕاوەماسی و بەخێو

کردنی گامێش و هەندێ پیشەی دەستی دروستکردنی حەسیروبەلەمی تایبەت بەناوچەکەیە، سەبارەت بە جێگەو فراوانی ناوچەکەش ئەکەوێتە نێوان ( ناسریە و عەمارە و بەسرەوە و لەولاشیەوە ئەلکێ بەسنوری عێراق - ئێرانەوە )،جگە لەوەی درێژی ناوچەکە لەسەرەوە بۆ خوارەوە لەنێوان ١٠٠ - ١٥٠ کیلۆمەتر ئەبێ و پانتاییەکەشی لە رۆژهەلاتەوە بۆ رۆژئاوا ١٥٠ - ٢٠٠ کیلۆمەترە کە بەچڕییەکی زۆری زەل و قامیش کە بەرزاییان لە نێوان ٢ - ٨ مەترە داپۆشراوە.
بەو پێ یە ئەو ناوچە زەلکاویانە جگەلەوەی مەڵبەندێکی کاروگوزەرانە لەو شوێنانەشە کەلەشەڕی پارتیزانی دا ئەتوانرێ رۆڵێکی چاکی تیا ببینرێ هەروەك لە تاقیکردنەوەی شۆڕشی ڤێتنام دا جێ بەجێ کراوە، سەرباری ئەوەی هەر لە خوارووی

بەغداوە بەلێواری رۆباری فورات دا دارستانی چڕی خورمای لێ یە هەتا ئەگاتە بەسرەو فاو کەئەوەش دیسان بوارێکە هی ئەوەیە لەپاڵ ناوچەی زەلکاوەکاندا جێ ی بیرلێکردنەوە و سەرنج بوایە.ئەو ناوچانە هەموی هی ئەوەن بکرێنە حەشارگەو شوێنی خۆمەلاسدان وسازدانی دەستەی چەکداروڵەپاڵ بنیاتنانی پێویستیەکانی شەڕی ناوشاردا ئەو دوو بەشە گرنگەی عێراقیش ئەبونە کوانوی شۆڕش و ڕاپەڕین.

ڕوخاندنی ڕژێم جگەلەوەی بەتەنها بەشۆڕشی کورد ناکرێ،بەم وەزعە شلۆقەی هێزە عێراقیەکانیش هیچی لێ سەوز نابێ، ئەوە لەکاتێکدا ئەگەر باس لەخەباتی چەکدارو بە عێراقی کردنی شۆڕشەکە بێ، خۆ ئەگەر باسیش لەکودەتاو یارمەتی پەلامارێکی دەرەکی بێ، ئاسۆی ئەو حالەتەش بۆ هیچ هێزێك ڕوون نیەولە تواناو بالادەستی هیچ هێزێکی عێراقیشەوە نیشانەیەکی وا بەدی ناکرێ کە لەناو سوپاوە ئەو جولان و خۆڕاپسکانە هەبێ دەست بداتە یەخەی ڕژێم و سەری پێ نەوی بکات..هەربۆیە لەناو خەلك و زۆربەی سیاسیەکانیشدا جۆری باسە سیاسیەکان هاتۆتە ئاستی ڕوانین بۆ دوارۆژی عێراق لەڕوانگەی سەیرکردنی ناخۆشی نێوان بنەماڵەی سەدام و گیروگرفتە شەخسیەکانی پیاوانی ڕژێم، کە ئەوە حالەتی چاوەڕێکردنی چەرخی زەمانەو گۆڕانە لەناو حیزبی سولتە خۆیەوە.

هەواڵنامەی کتێب

# تایبەت و گشت
# لە ئامانجی نزم و باڵای چارەنوس دا

مەسەلەی بنچینەیی خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد لەئامانجی باڵای دا مافی چارەی خۆنوسینە،ئەومافەیە کە کورد خۆی ئازاد بێ لەدیاریکردنی دوارۆژو هەڵبژاردنی جۆری ژیانی، مافێکە لەبەخشندەیی کەسەوە دەستمان ناکەوێ، لەئەنجامی ئەو خەباتەوە بەدەست ئەهێنرێ کەزۆر دەمێکە قوربانی لە رێگەدا ئەدرێ. لەباسی مافی چارەی خۆنوسینی کورد دا چاکتر وایە کەمێك لەگوتەو دەقی تیۆری ناو کتێب دوور بکەوینەوەو لەسەر ئاستی مەسەلەی کورد خۆی بەتایبەت ماناو لێکدانەوەی ئەو مافە شی بکرێتەوە، ڕوانین بۆ چارەی خۆنوسینی کورد لەئاستی بەشەوە ئەبینین یاخود لەناو چوارچێوەی گشتی مەسەلەی کوردا ئەو مافە لێك ئەدرێتەوە، بەومانایەی مافی چارەنوس لەناو بازنەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەهەر پارچەیەکدا تەماشا ئەکرێ یاخود لەخۆگرتنەوەی چارەسەری گشت لایەنەی کێشەی نەتەوەی کورددا چارەسەربونی کێشەی بەشەکانیش ئەبینرێتەوە.

بەدەستهێنانی حوکمی زاتی لە (عێراق ، ئێران ، سوریە، تورکیە ) مافی چارەنوسی کورد نیە،بەڵکو دەسکەوتێکە لەرێگەی ئەو مافەدا، چارەسەربونی کێشەی کوردی پارچەیەکیش مانای چارەسەربونی کێشەی نەتەوەی کورد نی یە، چونکە چارەنوسی مەسەلەی کوردستان یەك مەسەلەی سیاسی هاوبەشی گشت بەشەکانێتی. پارچەپارچەبونی کوردستان کەتا ئێستە بەردەوامە هەڵقوڵاوی فاکتەرە ناوخۆییەکانی کوردستان خۆی نیە،پێویستی گەشەکردنی کۆمەڵگای کوردستان دروستی نەکردوە، بەڵکو زادەی هەلومەرجی داگیرکردنەو بەزەبری هێزی دەرەکی سەپێنراوە،هەر پارچەیەك تەنها بەشێکی کوردستانەو لەچوارچێوەی نەخشەی کۆی کوردستاندا تەماشا ئەکرێ، یەکەمین تایبەتمەندی هەرپارچەیەك بریتیە لەوەی بەشێکە لەکوردستان.

گەربمانەوێ لەهەلومەرجی ناوخۆیی هەرپارچەیەك بکۆڵینەوە، ئاستی گەشەکردن و نەخشەی چینایەتی و دابەشبونی چین و توێژە جیاوازەکانی دیاری بکەین، سەرەتا ئەبێ ئەو ڕاستیەمان لەلا ڕۆشن بێ کەئێمەلەنەخشەی چینایەتی وئاستی گەشەکردنی ئابوری- کۆمەڵایەتی نەتەوەیەکی جیاواز نادوێین، ئەبێ چاك بزانین کە شیکردنەوەی چینایەتی هەر پارچەیەك لەکوێ پەیوەندی ئەو پارچەیە بەپارچەکانی ترەوە سەیر ئەکرێ، واتە شیکردنەوەو بینینی یەك نەخشەی کۆو هاوبەش پاشان بزانین ئەوتێڕوانینە گشت لایەنە چ وردەکاری وتایبەتمەندییەك ئەخاتەوە، کە دۆخی دابەشکردن زەقی کردۆتەوەو لەسەر زەمینی بەشەکانی کوردستان قوت بونەتەوە.

مەسەلەی گرنگ لەبینینی تایبەتمەندی بەشەکاندا،دەستنیشان کردنی ناوەرۆکی هاوبەشە وەك ئەڵقەی ناوەند کە هەموو ئەڵقەکانی تر بەخۆیەوە ئەبەستێ،ناسینی ناکۆکی ناوخۆیی هەر پارچەیەك وەك بەشێکی ئەوناکۆکیە گشتی بەی بزوێنەری خەباتی نەتەوەی کوردە، بەڵام تایبەتمەندی هەرپارچەیەك هەر چۆنێك بێ و لەهەر ئاستێکدا بێ زۆر جیاوازەلەو تایبەتمەندیە بنچینەییانەی نەتەوەیەکی دیاریکراو لە نەتەوەیەکی تر جیا ئەکاتەوە ، چونکە تایبەتمەندی پارچەکانی کوردستان تایبەتمەندی ئەو بەشانەن کە یەك نەتەوە پێك ئەهێنن.

هەلومەرجی دابەشکردن وپارچەپارچەیی کوردستان کارتێکردنی سەلبی گەورەی لەسەرجوڵانەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان دروست کردوەو زۆربەی هێزو ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی لەبیرکردنەوەو ئامانجی ناوچەیی دا لەقاڵب داوە،بەوجۆرەش زۆربەی ستراتیژی ئەو هێزانەی لەناوچەگەری دا هێشتۆتەوە، بۆ ئەوەی بەرنامەی خەباتیان لەسەر بنچینەیەکی نەتەوایەتی گشتی دابڕێژن..ئەو کارتێکردنەش لەسەر ئاستی هۆش وئاگایی سیاسی ڕەنگی داوەتەوەو لەبواری ڕێکخستن و کاری عەمەلیشدا شوێنی دیاری کردۆتەوە، بەڕادەیەك لەپلەباڵاکانی ڕابەرایەتی جوڵانەوەی کورد دا زیاتر هەر سەرکردەی ناوچەیی دەرکەوتون وەك لەوەی لەسەر ئاستی نەتەوەی کورد سەرکردەمان بۆ پەیدا ببێ، جوڵانەوەی کورد بیرکردنەوەی فراوان و گشت لایەنەی ئەوێ و سەرکردایەتیەکی گەرەکە وەك چۆن لەسەر ئاستی بەش بیرئەکاتەوە، بەوجۆرەش مەسەلە بنچینەییەکانی کوردستان و

ئامانجە باڵاکانی جوڵانەوەکە لە بۆچون و نەخشەکانیدا رەنگ بداتەوە..تائێستە جوڵانەوەی کورد جوڵانەوەی بەشەکانێتی، بەو واتایەی پیادەکردنی ستراتیژو تاکتیکەکان زیاتر دەربڕی خەبات و ئامانجەکانی پارچەکانن و نواندنەوەی خواست و نیازەکانی ئەو بەشانەن بەتەنها.

لەبواری پەیوەندی و هاوخەباتی بەشەکانیشدا، ئەتوانرێ سەرنج لەوەبدرێ کە پەیوەندی هێزە سیاسیەکانی کوردستان جگە لەوەی لەئاستی پێویستدا نیە،زۆرجار جۆرو چۆنیەتی پەیوەندی یاخود ململانێ ی شۆڕش لەهەرپارچەیەکدا لەگەڵ رژێمەکان بە خاوبونەوەی دژایەتی کردنەکە یاخود توندو گرژبونی،شوێنەواری خۆی بەباش و خراپ لەسەر پەیوەندی هێزەکانی کوردستان بەجێ هێشتوە..زۆرجاریش باس لەوە کراوە کە نزیك بونەوەی هێزە سیاسیەکانی کوردستان و کۆبونەوەیان لەچوارچێوەی ئۆرگانێکی کاری هاوبەشدا زۆر ئەستەم و گرانەو جێ بەجێ نابێ،لەودیدەوە کە هەرپارچەیەو گیروگرفت و ئەرك و ئامانجی تایبەت بەخۆی هەیە کەهەروا ئاسان نیە ئەوسنورەی نێوان بېڕێت و لەسەر ئەرك و ئامانجی هاوبەش خەبات لەسەر زەمینی دوو پارچە یان زیاتر دابمەزرێنرێ..بەلام لەڕاستیدا مەسەلەکە ئەویستن وهەوڵ نەدانی زیاتر تیایە وەك لەوەی ئیمکان نەبون بێ،چونکە هێزێك کەبتوانێ سنوری رەسمی دەوڵەتی هاوسنوری ببڕێ و لێ ی نزیك بێتەوەو پەیوەندی لەگەڵ ببەستێ لەگەڵ ئەوەشدا کە دوژمنی جوڵانەوەی کورد بێ بەگشتی و ئامانجی ستراتیژی هاوبەشیان نەبێ ، بۆچی نەتوانێ لەگەڵ هێزێکی تری کوردستانی پارچەکەی هاوسێ ی کە چارەنوس و ئامانج و دوژمنی هاوبەش دوارۆژیان یەك ئەخات نزیك بێتەوەو لەسەر خاڵی هاوبەشی خەبات رێك بکەون و بنچینەی هاوخەباتی و هاوسەنگەری دابمەزرێنن..بەلام کورد وتەنی ئەم مەسەلەیەش کەمێك بوغرنجە، چونکە مەسەلەی دامەزراندنی ئەو بنچینەی هاوخەباتیەو بنیاتنانی دەزگایەکی سەرکردایەتی بۆ جوڵانەوەی کورد دان و ستاندنیشی تێ ئەکەوێ لەوەشدا ئەشێ هەندێ لەهێزەکان حسابێك بۆ ئەو حاڵەتەش بکەن کە لەو هەنگاوەدا خۆیان لەچ وەزعێکدا ئەبیننەوەو تاچ رادەو ئاستێك دەسەڵاتو ناویان تێیدا وون یاخود دیار ئەبێت.

سروشتی جوڵانەوەی کوردو مەودای خەباتەکەی لەناو سنورو سەر زەمینی خاکێکی کەمارۆدراوە،بەهۆی هەلومەرجی دابەشکردنی

کوردستانیشەوە شۆڕشی کوردستان لەواقیعی عەمەلی دا تا ئێستە هەروەك شۆڕشی بەشەکانی ماوەتەوە، ئەم حاڵەتەش پەیوەندی و دۆستایەتی شۆڕشی کوردی لەهەر پارچەیەکدا گیرۆدەی هەندێ دەست تێکەڵ کردنی ناچاری کردوە کە هەتا شۆڕشی کورد لەم بازنەی تێکۆشانەی دا بێ ناتوانێ دەست بەرداری بێ، بەشێکی گرنگی ئەم مەسەلەیەش لەزۆر ڕوەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جوڵانەوەی کورد لەهەر بەشێکدا هەم لەکۆمەك ویارمەتی پێویستی دۆستە ڕاستەقینەکانی بێ بەشە یاخود ئەوەندە دورە دەست و بێ تەئسیرە کەخێری لێ نەبینرێ، هەم بۆ کەمکردنەوەی توانای لێدانی ڕژێم و زیادکردنی توانای شۆڕش و بەردەوام بونی خەباتی چەکدار دوچاری ئەو دەست تێکەڵ کردنە ئەبێ کەلەدرزی ناکۆکی نێوان ڕژێمە داگیرکەرەکانەوە جێ ی بۆئەکرێتەوە،ئەوە لەکاتێکدا کەشۆڕشی کورد ئەگەرچی لەهەندێ قۆناغدا بۆماوەیەك توانیبێتی تەنها پشت بەهێزی جەماوەری گەل ببەستێ وخۆی لەو پەیوەندییە بەدوور بگرێ،بەلام دوایی تر هەر کەوتۆتەوە داوی. بەوجۆرەش ئەو پەیوەندییە نابەرامبەری وکاتیەی نێوان شۆڕشی کورد لەبەشێکی دالەگەڵ ڕژێمی هاوسنور بەخۆی،پەیوەندییەکانی هێزە سیاسیەکانی کوردستانی خستۆتەناوبازنەیەکی سنوردارەوەو لەئاستی هاوخەباتی و هاوسەنگەرییەوە دای بەزاندۆتە ئاستی مەرجەباو دەست تێکەڵ نەکردن.لەڕاستیدا حاڵێکی گرنگیش کە لەکەس شاراوە نیە بریتیە لەوەی هیچ هێزێکی سیاسی کوردستان وەك یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئەوبڕۆاو سەرەتای هاوسەنگەرو هاوخەباتیەی لەسەر زەمینی واقیعی خەبات جێ بەجێ و پەیرەو نەکردوە.

بۆپێشەوەچونی ئاستی خەبات ڕوەو بەدەستهێنانی ئامانجی گشت و بالای جوڵانەوەی کورد لەو سەرکەوتنانەشەوە بەدی ئەکرێ کە لەسەر زەمینی بەشەکاندا بەدەست ئەهێنرێ،چونکە سەلامەتی جەستەی کوردستان لەسارێژکردنی زامی بەشەکانیدایە، بەمانای ئەوەی شۆڕشی کورد لەهەر بەشێکدا ئەتوانێ هەم لەسەر ئاستی ئەو پارچەیە دەسکەوتی سیاسی بۆ خەباتی خەڵکەکەی بپچڕێ کە بەری ڕادەی تێکۆشان و جۆری ساغ بونەوەی ململانێ ی ئەوبەشەی کوردستان ئەبێ بەقازانجی جوڵانەوەکەی و هاوئاهەنگی جوڵانەوەی نیشتمانی پارچەکەیە، هەم لەسەر ئاستی کوردستانیش ئەتوانێ هاوکار لەگەڵ هێزەکانی تری کوردستان لە تەقەلای هاوخەباتی و یەیەك گەیشتن دا مەسەلەی کورد لە بازنەی کێشەی ناوخۆی

پارچەکاندا دەربهاوێژن و وەك یەك مەسەلەی سیاسی هاوبەش و کێشەی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد بخەنە مەیدانی لێدوان و باسی دەوڵەتانەوە.

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

# خەباتی چەكدار و
# دوڕیانێكی ئەم سەردەمە

بەپێوانەی ساڵ و سەردەم لە ٩٦١ وە هەتا ئێستە خەباتی گەلەكەمان لەبەشی كوردستانی عێراقدا بەبەراورد لەگەڵ هەموو بەشەكانی تری كوردستاندا ،بەردەوام لەهەژان و ڕوبەڕوبونەوەی سەختی ڕژێمەكاندا بوە، شێوەی سەرەكی خەباتی ئەم چەندساڵەش ئەو خەباتە چەكدارییە بوە كە لەهەلومەرجێكی تەواو سەخت و نابەرامبەردا پیادەكراوە، گەر ئەو چەند ساڵ و مانگە كەمەی تەقەوەستان و ئاشتی شەڕەی لێ دەربكرێ كە گەلەكەمان ماوەیەك پشوویەكی كاتی تیا داوەو تۆزێك ماندوێتی ڕەنج كێشانەكەی حەساوەتەوە، ئەوە چاك بەدی ئەكرێ كە لەماوەی پترلە ٢٨ ساڵ خەبات دا بیست ساڵێكی ئەو تەمەنەی مێژووی گەلەكەمان خەباتی چەكدار زمان حاڵی تێكۆشانەكە بوە.

گەرچاوی سەرنج بخەینە سەر ئەم تایبەتمەندییە لەخەباتی گەلەكەمان و بڕوانینە مەودای هەنگاونانی شۆڕشەكەمان و ئەو خەباتی چەكدارە لەمێژووی پیادەكردنی دا هەڵبسەنگێنین و لەو پرسیارەوە بچینە ناواخنی باسەكەوە كە بەخەباتی چەكدار چیمان بەدەستهێناوەو لەدرێژەپێدانیشیدا چی پێ ئەخوازین؟

لەوانەیە سادەترین وەڵامی پرسیارێكی لەو جۆرە بەوە بدرێتەوە كە ئێمە بەو خەباتە سەربەرزی مانی گەلەكەمان پاراستوەو ئامادەنەبوین سەر لەبەردەم جەورو ستەمی دا نەوی بكەین،ئەوە ڕاستی و سەرەتایەكی دروستەو دەسكەوتێكی مەعنەوی مەزنە لەمێژووی خەباتی گەلەكەماندا، لەپاڵ ئەوەشداجوڵانەوەی گەلەكەمان ئەزمونێكی دەوڵەمەندی لەڕێڕەوی ئەو خەباتە سەختە درێژەدا بنیات ناوە، ئەو گیانبازی و خۆبەخت كردنەی لەم

ڕێگەیەشدا پێشكەش كراوەو ئەو داستانە قارەمانێتی یانەی لە شۆڕشی ئەیلول و بەتایبەت تریش لەم شۆڕشەدا تۆماركراوە

نمونەی لەڕوداوە دەسکردو سازکراوەکانی فیلمی سینەمایشدا زۆر دەگمەن و کەم وێنەن. جالێرەدا با سەرنجێك لەئامانج و دروشمە سیاسیەکان بدەین کەجولانەوەی گەلەکەمان لە ڕێڕەوی تێکۆشانیدا بەرزی کردونەتەوەو تەقەلای بەدەستهێنانی بۆداون.

ئامانجی سەرەکی خەباتی گەلەکەمان لەهەموو سەردەمەکاندا یەك جۆر دروشمی سیاسی نەگرتۆتەخۆی،بۆنمونە لەکات وزەمانی (شێخ مەحمودی حەفید )دا داوای سەرەکی خەلکی کورد بریتی بوە لەدامەزراندنی حکومەتێکی کوردی، بەو واتایەی کیانێکی سەربەخۆ کەئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری کوردستان بگرێتە دەست بۆتە ئامانجی سیاسی ئەو قۆناغە، دیارە ئەوە لەکاتو سەردەمێکدا بوە کەهێشتا داتاشینی دەولەتە دروستکراوەکەی عێراق جێ بەجێ نەبوە،لەقۆناغەکانی دوایی تردا دروشمی سادەی وابەرزکراوەتەوە کەداوای سەلماندنی مافی ساکارە ،بەلام لەو کاتەوە کەجولانەوەی کورد سیمای خەباتێکی نەتەوایەتی سەردەمی بەخۆوە گرتوە ئامانجی سەرەکی شۆڕشی کورد خۆی لەدروشمی حوکمی زاتی دا نواندوە کە لەپالێشیدا دروشمی دیموکراسی بۆ عێراقیش بەرزکراوەتەوە.واتە پێ ی شۆڕشی کورد بەقەدەر بەرەی حوکمی زاتی ڕاکێشراوە، جێ پێ ی دیموکراسی بۆ عێراق لەوەدا کراوەتەوە کەبۆ نیشاندانی برایەتی کوردو عەرەب و دوپات کردنەوەی گرنگی هاوئاهەنگی جولانەوەی کوردو جولانەوەی نیشتمانی عێراقە.

لەڕاستیدا مێژووی خەباتی نەتەوایەتی لەبەشی کوردستانی عێراقدا مێژووی خەباتی چەکداری یە،تاکە دەسکەوتی سیاسی گرنگ کە بەری ئەو تێکۆشانە بێ وچانەبوە لەئازاری سالی ۱۹۷۰ بەدەستهێنرا ، ئەو دەسکەوتەی ئازار سەرکەوتنێکی سیاسی مەزنی جولانەوەی کورد بو کەبۆ یەکەمین جار لەبەردەم ڕای گشتی دنیا دان بەشەرعیەتی خەبات و ڕەوایی مافەکانماندا نرا ،بەلام ئەو دەسکەوتە لەدەست کورد دا نەمایەوە،ئینجا هۆکەی هەر تەنیا ڕژێم بو یاخود خۆشمان لەو لەدەست دانە بەرپرسیاربوین،ئەوە لەباسەکانی پێشوتردا ئامانژەی بۆکراوەو دوبارەی ناوێ.دوا بەدوای سالی ۹۷۵ دروشمی سیاسی جولانەوەی کورد گۆڕانێکی هاتەسەرو حوکمی زاتیەکە بو بەکارتۆنی و ڕەت کرایەوە،ئیتر دروشمی شۆڕش بوبە حوکمی زاتی ڕاستەقینە، لەهەمان کاتیشدا لەگەل تەقەلای بەعێراقی کردنی شۆڕشی کوردستانیشدا دروشمی

دیموکراسی بۆ عێراق زیاتر برەوی پێ دراو زەق کرایەوە،لەگەڵ ئەوەی ئەم تەقەلای بەعیراقی کردنە وەك لەڕووی سیاسیەوە تەگەرەو کۆسپی بۆدروست بو لەبواری خەباتی چەکداریشدا نەتوانرا سەرەتاکانی ئەو هەوڵە لەمەیدانی خەباتدا پەیڕەوو جێ بەجێ بکرێت.

لەهەڵسەنگاندنی خەباتی چەکدارو ڕادەی بۆپێشەوەبردنی خەباتی گەلەکەمان لەڕێگەیەوە،ئەتوانرێ دەست بۆ زۆر لایەنی گەش ببن و پرشنگدار ڕابکێشرێ کەلەئاستی شانازی بەرزو پلەی ئەو هەموو قوربانی وگیان بەخت کردنەدان کەبەخوێنی هەزاران شەهیدی ئەم گەلە نەخشێنراوە،بەڵام لەهەمان کاتیشدا پێویستە سەرنجێکی قوڵ لەمێژووی درێژی ئەم شێوە سەرەکیەی خەباتەمان بدەین و ئاوڕێك لەو دەسکەوتانەش بدەینەوە کەبەهۆیەوە پێ ی گەیشتوین..لەڕاستیدا خەباتی چەکداری گەلەکەمان جگە لەوەی لەدەسکەوتی حوکمی زاتی زیاتری پێ بەدەست نەهاتوە،لەتوانای شۆڕشی کوردیشدا نەبوە ئامانجی لەوە بالاتری بۆ بچێتەسەر.

ئامانجی جوڵانەوەی کورد لەکوردستانی عێراقدا هەردەم ڕوی لەوە کردوە کەلەناو چوارچێوەی عێراقدا دەسکەوتێکی سیاسی بۆ خەڵکەکە بپچڕێ، ئەو مافەشی بەحوکمی زاتی دیاری کردوە، دیارە ئەم مافە مانای چارەی خۆنوسینی کورد نیەو چارەسەرێکی بنەڕەتی و یەکجارەکی کێشەی کوردیش نیە،بەڵام هەنگاوێکە لە ڕێگەیەوە ئەتوانرێ لەزەمینەیەکی ئارامدا خەبات بۆ ڕەخسانی هەلومەرجی گونجاوتر بکرێ، گەر مەبەست لەجۆری چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەناو چوارچێوەی سیاسی ئەمڕۆی عێراقیشدا بێ،ئەو چارەسەرانەی لەبەردەمدایە دوو شێوەی سەرەکی هەیە کەیان وەك حوکمی زاتی ئەبێ،یاخود لەڕێگەی سەلماندنی مافی چارەنوسەوە کورد کیانێکی سەربەخۆی دەست بکەوێ و لەپاڵ کیانێکی عەرەبی دالەیەکێتیەکی ئارەزومەندانەدا کۆمارێکی یەککرتوی عێراقی پێك بهێنن،بەڵام دیارە هیچ ڕژێمێکی عێراقی جگە لەوەی ئەو داواو خواستەی دوەم پەسەند ناکات. زۆر دژی ئەو سەرەتاو داوایەشە کە هەق و ڕەوایی کورد لە دامەزراندنی دەوڵەت و مافی جیابونەوەدا ئەسەلمێنێ.

هەواڵنامەی کتێب

جولانەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لەبەردەم وەرچەرخان ی دووڕیانێکی چارەنوس سازدایە، کاتی ئەوە هاتوە ووردبین و واقیعبینانە بڕوانینە خەباتی ئەم قۆناغەو سەرنجێك بدەینە ئاسۆی دوارۆژی شۆڕشەکەمان،بەتایبەتی کە گەلەکەمان شالاوی تواندنەوەو لەناوبردنی لەسەرە، تاقیکردنەوەی دوورو درێژی خەباتی چەکدارو بەدەست نەهێنانی ئامانجی سەرەکی جولانەوەکە هەروەها درێژەکێشان و بەردەوام بونی هەتائێستە بەبێ ئەنجام شایەنی ئەوەیە کەبزانرێ بۆچی و تاکەی! گەر پێشتر شکست و هەڵە بەروکی ڕابەرانی شۆڕش و جۆری سەرکردایەتی و نائاگایی سیاسی و دەسەڵاتی تاکە حیزبی گرتبێتەوە، خۆ ئێستە لەمەیدانی خەبات دا چەند حیزب و ڕێکخراوێك هەن و ئاستی هوشیاری و ئاگایی سیاسی زۆر لەپێشترەو توانای بەرەنگاری شۆڕشیش زۆر چوبوە پێشێ،بەڵام جولانەوەی کورد لەبەرئەوەی خۆی لە ئاستی ڕوخاندنی ڕژێمدا نیە هەر ئەو دەسکەوتەی پێ دەستگیر ئەبێ کە لەگەڵ ڕژێم دا بکەوێتە باس و گفتوگۆ لەسەری..بەو پێیەش کەخەباتی چەکدار ڕووی لەوە بێ ئەو جۆرە چارەسەرە لەناو چوارچیوەی عێراقدا بەدەست بهێنێ، شایەنی ئەوەیە بەڕاشکاوی ئەوە بوترێ کەدەسکەوتی حوکمی زاتی لەئاستی ئەو هەموو گیان بەخت کردن و خوێنەدا نیە کەبوێ ئەدرێ، جگە لەوەی بەدەست هێنانی مافی حوکمی زاتی هەر بەزەبری لولەی تفەنگ دەستگیر نابێت..جولانەوەی کورد لەکوردستانی عێراقدا وەك چۆن لە مەودایەکی درێژدا هەر زمانی چەك دەم ڕاستی شۆڕشەکەی بوە کاتی ئەوە هاتوە کەتەقەلای دۆزینەوەی چارەسەری سیاسیش ببێ بە بەشێکی گرنگی خەباتی ئەم قۆناغەی.

خەباتی چەکدار لەبەردەم ئامانجی نزم وباڵای جولانەوەکەدا ئەو شێوە سەرەکیەی خەباتە کەکەوتۆتە سەر دووڕیانێکی سەختی ڕوبەڕوبونەوە، هەڵگرتنی دروشمی مافی چارەنوس بەزەرورەت مەودای شۆڕشەکەو ئامانجەکەی لەئاستی نزم و سادەوە ناگۆڕێ و نایگوێزێتەوە بۆ پلەیەکی باڵاو گران، ئەوە مەسەلەیەکە بەندە بەوەی هێزە بزوێنەرەکانی شەڕی چارەنوس چ گۆڕانێکی دیار لەئاقاری خەباتەکەو مەودای شۆڕشەکەدا دروست ئەکەن ، جگە لەوەی شەڕی مافی چارەنوس لەسەر دوو ئاست ئەبینرێ، ئەگەر مەبەست چارەنوسی پارچەیەکی کوردستان بێ، ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەندی بەڕادەی بۆپێشەوەچونی خەباتی ئەو بەشەو توانای لەنگ کردنی تای تەرازوی ململانێکەوەیە بەقازانجی شۆڕشەکەو

بەدەستهێنانی ئەو مافە لەو پارچەیەی کوردستان دا، خۆ ئەگەر مەبەستیش شەڕی چارەنوسی نەتەوەی کورد بێ، ئەوەیان مەودای ململانێکەی سەر زەمینی کوردستانەو لەکوێ ئەو ستراتیژەدایە کەهاوخەباتی و هاوسەنگەری هێزەکانی کوردستان ڕوەو ئامانجی سەربەستی نەتەوەی کوردو ڕزگاری کوردستان یەك ئەخات، ئەوە خەباتێکی هاوبەشی یەکانگیرەو دەربڕی دوارۆژی سیاسی هەموو نەتەوەی کوردە.

لە دونیای ئەمڕۆدا هەلومەرجێکی نوێ هاتۆتە کایەوە، زۆربەی کێشە ئالۆزەکانی ئەم سەردەمە ڕوو لەوە ئەکەن لە ڕێگەی دۆزینەوەی چارەسەری سیاسیەوە گرێ کوێرەکانی بکەنەوەو لە دۆخێکی ئارامدا گیروگرفتەکانی نەهێڵن و بەلایدا بخەن.هەر بۆیە زمانی چەك و ڕێوشوێنی پیاهەڵپرژان لە کۆڕو باسی نێو دەوڵەتاندا گوێ ی لێ ناگیرێ و ئالوگۆڕی بەرژەوەندی و دەسکەوتی بەرامبەری نێوان دەوڵەتان لەمەسەلەکانی بازارو داهاتی پەترۆل و ناوچەی نفوز پێ ی بە هەموو سەرەتاو بڕواو مەبدەئێك لێژ کردوەو جیاکردنەوەی سنوری هەڵوێستی دروست لەنێوان بەرەی سۆسیالیستی و ئیمپریالیستی دا بەجۆرێ تێك چوە کەهەندێ جار بەپێچەوانەوە ئەکەونە ڕوو.

خەباتی چەکدار لەهەلومەرجی ئەمڕۆی عێراقداو لەپاڵ ئەم وەزعەی ئێستەی ئۆپوزیسیۆنی عێراقی دا، جگە لەوەی لەئاستی ڕوخاندنی ڕژێم دا نی یە، لە زروفی ئێستای کوردستانیشدا ئەو کاریگەرییەی نەماوە..دیارە ئەم قسەیە بانگەواز نیە بۆ خۆبەدەستەوەدان و وازهێنان،چونکە گەلی کورد بەبێ خەبات ناویشی نامێنێ،بەلام دیسان ئەبێ ئەوە بوترێ کە هەر بەلولەی تفەنگ ماف داوا ناکرێ، گەر تفەنگێکیش هەر نەیتوانی نیشانی خۆی باش بپێکێ ، ماندوو بوەو پێ ی نا پێکرێ با پشوو بداو چەکێکی تر لەجێ ی ئەو دابمەزرێ و شوێنی بگرێ.

سکانکردنی لەلایەن بەختیار شەمەیی

هەواڵنامەی کتێب

ڕوخاندنی ڕژێم لە عێراقدا ،دروشمی جولانەوەی کورد نی یە، چونکە شۆڕشی کورد لەسەر زەمینی کوردستانەوە لەئاستی ئەرکی هەڵتەکاندنی دەسەڵاتی حوکمی مەرکەزی دا نیەو پێشی ئەنجام نادرێ. جولانەوەی کورد ئەتوانێ لەپاڵ جولانەوەی نیشتمانی عێراقدا هاوکارو یاریدەدەری ئەو ئەرکە بێ، ئەوە فەرمانێکە پێشوەخت بەرۆکی هێزە شۆڕشگێڕە عێراقیەکان ئەگرێت. شۆڕشی کورد لەباشترین حاڵەتدا ئەتوانێ دەسەڵاتو قەڵەمڕەوی حوکمی مەرکەزی لەکوردستاندا لاوازبکاو ڕای بماڵێ. هەربۆیە خەباتی کوردو ئامانجی شۆڕشەکەی لەواقیعی عەمەلی دا هەرڕووی لەوە کردوە تەرازوی هێز بەو بارەدا لەنگ بکات کە حکومەت بەرەو گفتوگۆو لێدوان ڕابکێشێ. خەباتی چەکدارو هەڵگرتنی دروشمی بالاتر لەتوانای خۆمان خەباتی گەلەکەمانی تا ئێستە بۆ توانای بەدەستهێنانی ئامانجی بەرزتر نەگواستۆتەوەو لەسنورو بازنەی دەسکەوتی حوکمی زاتیشی دەرنەهاویشتوە.

1989

لەبڵاوکراوەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

بنکەی ڕۆشنبیری ـ ئەرکی نوێ ـ